دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨١٩، یەکشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢٠ی مارسی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

**ئەم ڕۆژی، ســـاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی، کۆنی کوردەو بە خۆشی وبە هاتەوە**

خوێنەرانی ئازیزی «کوردستان» دواژمارەی ڕۆژنامەکەتان لە ساڵی ٢٧٢١ بە هەوڵ و ماندووبوونی پۆلێک لە دڵسۆزان و خامەبەدەستانی کوردستان کەوتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز.
لەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵ و هاتنی نەورۆزی کوردەواری بەناوی دەستەی بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەکەوە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە لەم سەنگەرەوە بەردەوام دەبین لە دڕان بە تاریکی تا گەیشتنی کوردستان بە سەربەستی.

سالی نوێتان پیرۆز و هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز بێ



**پەیامی نەورۆزیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

٤




**مووشەکەکانی تاران پێگەی سیاسیی هەولێر بەهێزتر دەکەن**

٦




**پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٤٠٠**

٨



**دیمانەی کوردستان**

١٠

## پەیڤ

## کوردبوون

**کەریم پەرویزی**


ڕۆژێکی نوێ و ساڵێکی نوێ بەڕێوەیە و ژیان وەجووڵە کەوتۆتەوە تاکوو خۆی نوێ بکاتەوە. ژیانی کۆمەڵگا پێک دێ لە هزری هاوبەشی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و لەو هزر و هەستە هاوبەشەوە گرێچنی کۆمەڵگا دادەڕێژرێ تاکوو خۆیان وەکوو یەک ببینن و لە لووتکەی نوێبوونەوەی ساڵدا هەموو وێکرا بە یەک هەستەوە بڕواننە ژینگەی کۆمەڵایەتییان و نیشتمانێک لە پێش چاویان خۆی دەنوێنێ.

مرۆڤبوون ئەرکێکی ئێجگار قورسە کە تاکەتاکەی چرکەکانی ژیانی پێویستە تاکوو بەردەوام خۆی بسەلمێنێتەوە و مانایەک بە بوونی ببەخشێ کە سنووری دەکێشێ لە نێوانی ئەو و گیانداری بێماناداا. لێرەوەیە کە مرۆڤبوون نەک تەنیا بە ڕێکەوتێکی ئاسایی لە نێو میلیاردها ڕێکەوتدا نییە، بەڵکوو ئەرکە وەکوو بەجێگەیاندن و گەشەکردن و ئەرکێکە کە لەگەڵ چرکەکانی ژیاندا نەک کز نابێ و سووک نابێ بەڵکوو تاکوو بەرزتر دەڕوا ئەرکی مرۆڤبوون قورستر و قورستر دەبێتەوە و لە لووتکەدا کەڵەمرۆڤەکان دەدرەوشێنەوە کە بە ڕەنگی سووری لەشیان کە چۆڕاوەی خوێنی پێشکەشییان بە نیشتمانە ناوی بەرزی ڕێبەرانی شەهید وەردەگرن و سنوورەکانی نیشتمانێک پێناسە دەکەن.

ئەم ئەرکە قورس و گرانەی مرۆڤبوون لە خاڵێکی گۆی زەوییەوە بۆ خاڵێکی دیکەی دەگۆڕێ چوونکە شوێن تەنیا جوغرافیایەکی بێنێوەڕۆک و وشک و ڕووت نییە، بەڵکوو دەفرێکە بۆ گەشەکردنی مانا و هێماکان، هەربۆیە پێی دەڵێن نیشتمان. لێرەوە مرۆڤ ناسنامە وەردەگرێ و بە زمانێک دەدوێ کە مرۆڤە هاوناسنامەکەی لێی تێدەگا. تێگەیشتن تەنیا حاڵیبوون لە زمان نییە بەڵکوو چەشتنی هەموو ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی کۆمەڵگایەکە کە لە وشەکاندا جێگەی گرتووە و بە بزەیەکی زمان وەسەما دەکەوێ و بە ڕەنجێکی وشە، خەم دایدەگرێ؛ بۆیە کوردبوون بریتییە لە پێناسەی مرۆڤێکی ئەرکدار کە نیشتمانێکی تایبەتی هەیە و پێکەوە بە زمانی ئازار و خولیا و خۆشی و هیوا دەدوێن.

ئەرکی مرۆڤی کورد لە نەورۆزدا بەتەواوی خۆی دەنوێنێ و لە ژێر ڕووناکایی ئاگری نەورۆزدا هەموو تانوپۆی پێناسە و ناسنامەی دەکەونە سەما و نیشتمانی پێ دەگەشێتەوە، هەر بۆیە نەورۆز هەموو دەمارەکانی لەشی

درێژە لە لاپەڕەی ٣



# پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٨ی مارس

٨ی مارس بیرخەرەوەی ڕەوشی ئەو ژنانەیە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە سایەی تێکۆشانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازدا بە مافەکانی خۆیان گەیشتوون، لەلایەکی دیکەشەوە بیرخەرەوەی ڕەوشی ئەو ژنانەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەفغانستاندا وەک کۆیلە سەیر دەکرێن.
لەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان بە تایبەت ژنانی چالاک و تێکۆشەری خەباتی یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم.
تێبکۆشین ژنان ئازاد بن تا کۆمەڵگەکەمان بەختەوەر بێت.

**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**
**٨ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**


# ناوەندی هاوکاری: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەستێنێت

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی (بەرابەر لەگەڵ ١٢ لەسەر ١٣ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی) بە مووشەکی بالستیکی خاڵپێک، هێرشی کردە سەر هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان و چەند شوێنێکی لەو شارە بەئامانج گرت کە لەم سۆنگەیەوە زەرەر و زیانێکی زۆری ماددی بەر ئەو شوێنانە کەوتوون.
ئەمە یەکەمجار نییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشی مووشەکی دەکاتە سەر ئامانجەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە لە عێراق. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ یەک لەو هێرشانەیە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ١٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و بریندارbوونی دەیان کەس و هەروەها کاولکاری و زەرەر و زیانێکی ماددیی زۆری لێ کەوتەوە. سپای پاسداران ئەوکات ڕایگەیاند کە ناوەندی پیلانگێڕی لە دژی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی کردۆتە ئامانج و ئێستاش وێڕای وەئەستۆگرتنی بەڕەسمیی ئەم پەلامارە مووشەکییەی سەر هەولێر، لە بەیاننامەیەکدا بوونی ناوەندێکی هەواڵگریی دەوڵەتی ئیسرائیل لە خاکی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەو پەلامارە بە پاساو هێناوەتەوە.
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هێرشە دوژمنکارییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاندووە کە پێچەوانەی پاساو و ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی «شوێنی بەئامانجگیراو، شوێنێکی مەدەنی بووە و ئەم پاساوە، تەنیا بۆ شاردنەوەی ئەم تاوانە قێزەونەیە». ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها ڕایگەیاندوە کە: «ئەمە چەندین جارە ئێران ئەم دەستدرێژییانە دووبارە دەکاتەوە و بێدەنگیی کومەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرامبەر بەم هێرشە ترسنۆکانە، ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ بەردەوامیی ئەم جۆرە تاوانانە».
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندین ساڵە بێڕەچاوکردنی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و بایەخدانان بۆ سەروەریی سیاسیی وڵاتی عێراق، نەک هەر بەئاشکرا دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا دەکات، بەڵکوو لە هەر هەلێک بۆ دروستکردنی قەیران و ئاژاوەنانەوە لەو وڵاتە کەڵکی وەرگرتووە. دەستێوەردان و گێرەشێوێنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق گەیوەتە جێگایەک کە خەڵکی عێراق لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەکەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا دەریانبڕیوە کە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری سەرەکیی نەهامەتی و قەیرانەکانی وڵاتەکەیان دەزانن.
دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری نێوخۆیی هەرێمی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەرەتا بە تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو هەرێمە دەستی پێ کرد و لەو ماوەیەدا سەدان تێکۆشەری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە عیراق و هەرێمی کوردستان تیرۆر کرد. بەڵام مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات سەرەتای ئەم هێرشە مووشەکییانە بوو کە ئێستاکە دەبینین بە بەرچاوی هەموو دنیاوە بۆ سەر پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی.
هەرئەوکات و لە کاتی پەلامارە مووشەکییەکانی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر حیزبی دێموکرات، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان کرد کە سنوورێک بۆ دەسدرێژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دابنێن و ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە و بەزاندنی سنووری ئەو وڵاتە مەحکووم بکەن؛ بەڵام مخابن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنە پێوەندیدارەکان ئەم دەستدرێژییانەی بەئاشکرای کۆماری ئیسلامییان بە هەند وەرنەگرت و ئاکامەکەی بوو بە ئەمە کە ئێستا بەئاشکرا و بە وەئەستۆگرتنی بەڕەسمیی بەرپرسایەتیی کردەوە تێرۆریستییەکانیشی لەم دەستدرێژییانەی بەردەوام بێت.
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەولێر، داوا لە وڵاتان، شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و هەموو لایەنە پیوەندیدارەکان دەکات کە چیتر لەهەمبەر ئەم دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن. ئێمە داوا دەکەین بە هەڵوێستی بەکردەوە و لێبڕاوانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووەستێنن و ڕێگە نەدەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ژیان و ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان و چارەنووسی ئەم وڵاتە، بە دەردی چارەنووسی وڵاتانی سووریە، لوبنان و یەمەن ببات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٣ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە بارەگاکانی حیزبی دێموکرات







ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمە لە چەند بنکەی جیاجیای حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمی تایبەت بە ساڵی نوێ و نەورۆزی کوردەواری بەڕێوە چوو.
لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکرات و بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کادر و پێشمەرگە، ئەندام و بنەماڵەکانیان ڕێوڕەسمی نەورۆز بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر وەک نەریتی ساڵانە سروودی نەورۆز بڵاو کرایەوە. پاشان پەیامی نەورۆزیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا. بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی گۆرانییەک بە ناوی نەورۆز کە لەلایەن کیژی خاوەن بەهرە «ڕووکەن خالیدی»یەوە پێشکەشی بەشداربووان کرا.
بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە پەخشانەشێعرێک بەناوی نەورۆز کە لەلایەن هاوڕێی پێشمەرگە «سمکۆ دەستمەردی» خوێندرایەوە.
لە کۆتاییشدا ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ لەلایەن بەڕێزان «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزب و «خاتوون ئەسپەندار» هاوژینی شەهیدی هەردەم یادزیندوو «شەهید عوسمان مستەفاپوور» هەڵکرا.
ڕێوڕەسمەکە بە گۆڤەند و شایی بەشداربووان کۆتایی پێهات.
لەلایەکی تریشەوە ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز بە ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بە شکۆیەکی گەورە لە جێژنیکان بەڕێوە چوو.
سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی دوژمنشکێنی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.
دواتر «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا هۆنراوەیەک لەلایەن ماموستا «بێبەش» خوێندرایەوە.
لە درێژەدا سرودێک لەژێر ناوی «نەورۆزە» لەلایەن گرووپی «ئەستێرە»ی مندالانی جێژنیکان پێشکەش کرا.
هەروەها گرووپی هەڵپەڕکێی «یەلدا»ی لاوانی جێژنیکان چەند تابۆیەکی هەڵپەڕکێیان بەڕیوە برد.
لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لەلایەن «ئیدریس هۆرمۆزی» فەرماندەی هێزی ١٢٢ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و «هێرۆ عەزیزی» هاوژینی شەهید «ئاکام دەریایی» هەڵ کرا.
بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی کوردەواری کۆتایی پێ هات.
هەروەها لە بنکەی دێگەڵەی حیزبی دێموکرات و بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی ئەم بنکە مەراسمی تایبەتی نەورۆزی بەڕێوە چوو کە تێیدا پاش سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ئەمەگناسی بەرامبەر ڕۆحی پاکی شەهیدان، بەڕێز «عەلی سۆرانی» بەرپرسی یەکەی بەڕێوەبەریی دێگەڵە بە نوێنەرایەتی ئەم یەکە بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.
دواتر بەڕێز «تاهیر مەحموودی» ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکرات سەبارەت بەم جیژنە چەند وتەیەکی بە نوێنەرایەتی ڕێبەرایەتیی حیزب پێشکەشی ئامادەبووان کرد.
بڕگەی دواتر بریتی بوو لە پێشکەشکردنی چەند شێعرێکی نەورۆزی کە لەلایەن هەر یەک لە بەڕێزان «ڕامیار شامورادی»، «هێمن محەممەدیان» و «فرمێسک کەریمی»ەوە خوێندرایەوە.
کۆتابڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بریتی بوو لە کردنەوەی ئاگری نەورۆزی ٢٧٢٢ کە لەلایەن کاک «براییم هەجیجی» وەک کادری دێرینی حیزب کرایەوە.

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس

هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن یەکێک لەو ڕۆژە گرینگانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە کە دژ بە چەوسانەوەی نیوەی کۆمەڵ و بۆ یەکسانیی هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دیاری کراوە. دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی ژن، نە کۆمەڵگە پێی بەخشیون و نە هیچ یاسایەک پێشەنگی ئەم یەکسانخوازییە بووە، بەڵکوو ئەوە ژنان خۆیان بوون کە دژ بە چەوسانەوە و ناعەدالەتی ڕاپەڕین و هاتنە مەیدان و لەم ڕۆژەدا بانگی ئازادی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازییان دا و چیتر زوڵم و ستەمیان قەبووڵ نەکرد. بەو بۆنەوە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە ژنانی سەرانسەری جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەکات و لە هەمان کاتدا لە کار و بەرنامەکانی خۆیدا پشتیوانی خەباتی ژنان دەبێت بۆ ئەوە لە داوڕۆژ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر کە لەودا یەکسانیی ژن و پیاوی تێدا بێتە دی.
ئەگەر لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕۆژ و بۆنەی جۆراوجۆر هەن و هەر نەتەوەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکان یادیان دەکاتەوە، بەڵام هەشتی مارس یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانیی ژن تێیدا بەرجەستە کراوە. ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا و بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن ئازادی و دێموکراسی ڕێز لەو ڕۆژە دەگیرێت و ژنان لە هەوڵی هەرچی زیاتری دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیاندان. بەڵام لە هەمان کاتدا بەداخەوە لە زۆر وڵاتی دواکەوتوو و خاوەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە ژنان هەر لەژێر نیری چەوسانەوەدان و لەلایەن دەسەڵات و بەشێک لە کۆمەڵگە مافە ڕەواکانیان پێشێل دەکرێن، بەڵام لە زۆرێک لەو وڵاتانە ژنان بێدەنگ دانەنیشتوون و دەستیان لەسەر دەست دانەناوە، ئەوان لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا داوای مافەکانیان کردووە و دژ بە ناعەدالەتی هاتوونەتە مەیدان و بە کردەوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم بوونەتەوە.
لەنێو وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکاندا ئێران بە بوونی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە یاسا مافەکانی ژنانی پێشێل کردووە و هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نابینێت. لەژێر دەسەڵات و یاسایەکی دواکەوتوانەدا ژنان بوونەتە قوربانی و بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوت دەکرێن و دەخزێنرێنە کونجی ماڵ و پێشگیری لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونیان دەکرێت. یاسا بەرکارەکانی کۆماری ئیسلامی هەردەم ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بە چاوێکی کەم سەیری ژن بکات و لەژێر سێبەری ئەو یاسایانەدا ژنان بچەوسێندرێنەوە، بکوژرێن و مافەکانیان پێشێل بکرێن. توندوتیژی یەکێک لەو دیاردانەیە کە ئاماری لە بەرزبوونەوەدایە و ڕۆژانە بە بەرچاوی دەسەڵاتەوە بێڕێزی بە کەرامەتی ژن دەکرێت و دەکوژرێت. خۆکوشتن، خووگری بە مادەهۆشبەرەکان، تێکچوونی شیرازەی بنەماڵە و توندوتیژی و... لەو دیاردانەن کە لەژێر سایەی یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامیدا لە بەرزبوونەوەدان.
دەسەڵاتی ئێران نەک هەر هیچ مافێک بۆ ژن قایل نییە بەڵکوو ژنان لەسەر داواکردنی مافەکانیان ڕۆژانە ڕووبەڕووی گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام دەبنەوە، بەندیخانەکان و دادگاکانی ئێران بوونەتە دیارترین شوێنی زوڵم و ناعەدالەتی بەرانبەر بە ژنان، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو توندوتیژی و چەوسانەوەیە ژنانی ئێرانی هەردەم بەگژ دەسەڵات و یاسا کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چوونەتەوە و وێڕای داوای مافە کۆمەڵایەتییەکانیان شان بە شانی پیاوان بۆ وەدەستهێنانی ئازادییەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەر لە مەیداندا بوون، ئازایانە هاتوونەتە مەیدانی سیاسەت و خۆڕاگرانە ئەشکەنجەگاکانیان کردۆتە قوتابخانەی بوێری و بەرخۆدان و لە هەڕەشە و سەرکوت نەپرینگاونەوە. تەنانەت لە ڕەوتی خەبات بۆ ئازادی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ژنان داواکارییەکانیان وێڕای پیاوان خەتی سووری نیزامی تێپەڕاند و لە چەند ڕاگەیەندراودا هاوشان لەگەڵ پیاوان داوایان ئەوە بوو کە هەم یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێت هەم کاربەدەستانی باڵای نیزامی کۆماری ئیسلامی دەست لەکار بکێشێتەوە کە لەو پێناوەشدا کەوتنە زیندان و ئازار و ئەشکەنجە دران. ئێستاش دەبینین کە بەندیخانەکانی ڕێژیم کۆمەڵێک لە ژنانی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران تێدا بەند کراوە. لە خۆپیشاندانەکاندا هەردەم پێشەنگن و لە هەر کۆڕ کۆمەڵ و کۆبوونەوەیەکدا دژ بە دیکتاتۆری و دەسەڵاتی دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەنگ و ئازایەتیی ژنان لەرزەی خستۆتە کۆشکی دیکتاتۆر و لە وەدیهێنانی مافەکانیان بەردەوامن و شەقام و بەندیخانەکانی ئێران نموونەی زیندووی ئەم بوێری و ئازایەتییەن.
لەگەڵ ئەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامیدا بە یاسا مافەکانی ژنان لە هەموو بەشەکانی وڵات پێشێل دەکرێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنانی کورد وێڕای پێشێلکردنی مافە ڕەگەزییەکانیان لە باری نەتەوایەتیشەوە مافیان پێشێل کراوە، لە خوێندنی زمانی دایکی بێبەشن، لە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و پەرپێدانی فەرهەنگ و کەلتووری کوردی و زۆر مافی دیکەی ئینسانی بێبەش کراون. «زارا» مامۆستای قوتابخانە و... کەیکاوسی لەو ژنانەن کە لەسەر داواکارییە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانیان کەوتوونەتە زیندان. ژنانی کورد لە دێر زەمانەوە بە جیهانیان سەلماندووە کە زوڵم و زۆری داگیرکەرانی نیشتمانیان قەبووڵ نەکردووە. لە هەمانکاتدا کە شان بە شانی پیاوان لە کاری ڕۆژانەدا هاوکاری پیاوان بوون لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەدا لە قوربانیداندان لە پیاوان جێ نەماون و لە خەباتی شار و خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەشدا هەردەم لە مەیداندا بوون و تا پلەی سەرکردە چوونە پێشێ و کەسانی دیار و بە ناوبانگیان لێ هەڵکەوتووە و بوونەتە ڕەمزی ئازایەتی و فیداکاری. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای پیرۆزبایی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان لە سەرجەم ژنانی ئێران و کوردستان، ڕێز لە خەبات و ماندوویەتییان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەگرین و خۆمان وەک هەمیشە نەک هەر وەک پشتیوان، بەڵکوو بە بەشێک لە داکۆکیکاران و هەڵسووڕاوانی بۆ وەدیهاتنی بە پشتیوانی داوا ڕەواکانیان دەزانین و لە هەمانکاتدا هیواداریین کە لە خەبات دژی زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی بەردەوام بن و هەروەک تا ئێستا نیشانیان داوە لەمەودواش زیاتر لە پێشوو لە هەوڵی گۆڕینی یاسا دواکەوتووەکان و یاساکانی دژە ژن بن و وێڕای هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی مافە پێشێلکراوەکانیان شانبەشانی پیاوان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکان بەگوڕتر لە جاران لە مەیداندا بن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٨ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری لە ئاستی بەرزدا

ڕۆژی دووشەممە ١٦ی ڕەشەمەی ١٤٠٠، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی کەسی یەکەمی هەر چوار لایەنی پێکهێنەری ناوەند بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرپرسی دەورەیی ناوەند کۆ بوونەوە. سەرەتا «خالید عەزیزی» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، باسەکەی کردەوە. ناوبراو باسێکی سیاسیی بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان دەست پێ کرد. بەڕێزیان بە ئاماژەدان بە قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وتی، حکوومەت سەرەڕای ئەو قەیرانگەلە کە هەر خۆیان واتە دەسەڵات خولقێنەری قەیرانەکانن وازی لە سەرکوتی خەڵک نەهێناوە، لە بەرانبەریشدا ناڕەزایەتی و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ڕوو بە حکوومەت و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندن و زیادبووندایە. بەڵام ئەوەی یارمەتیی بە مانەوەی ڕێژیم داوە ئەوەیە کە تا ئێستا ئاڵترناتیڤ لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا دروست نەبووە. «خالید عەزیزی» دواتر هاتە سەر باسی کوردستان و وتی، بە خۆشییەوە لە کوردستان بارودۆخ لە ناوەند و باقیی شوێنەکانی دیکەی ئێران باشترە، چونکە کوردستان خاوەنی پاشخانێکی سیاسی و خەباتگێڕییە و خاوەنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئێستاش لە مەیدانی خەباتدان و ڕۆژانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا لە پێوەندیدان. ناوبراو بە ئاماژەدان بە جموجووڵە مەدەنی و فەرهەنگییەکانی کوردستان، وێڕای بەرزنرخاندنی ئەو چالاکییانە، داوای بەردەوامی و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ بەئاوات خواستن.

«خالید عەزیزی» بە ئیشارە بە هەوڵەکانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران بۆ ڕێکەوتنی بەرجام وتی، خەباتی ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان پێش کێشەی ئێران و ئامریکا و ڕۆژاوایە، بۆیە ئێمە لە هەر ئەگەرێکدا درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین و بەرجام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێت. دواتر «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «عەبدوڵا موهتەدی» سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و «ڕەزا کەعبی» جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای بەشدارییان لە باسەکە بیروڕای خۆیان لەسەر بابەتەکانی کۆبوونەوەکە خستە ڕوو. بەشداران لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وێڕای هێنانەبەرباسی شەڕی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین کە ئێستا هەموو جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و بووەتە گرفتێکی گەورە و هەڕەشە لە ئاشتیی نێودەوڵەتی دەکات، هەموان لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان، دیالۆگ و لێکتێگەشتنە، نەک هێرش و وێرانکاری، بۆیە هیوایان خواست کە کێشەی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین بە دانیشتن و ڕێکاری سیاسی و دیپلۆماسی چارەسەر بکرێت و خەڵکی ئۆکراین لەوە زیاتر تووشیماڵوێرانی و کوشتن و کۆچی بە ناچاری نەبن و ئاوری شەڕ لەوە زیاتر پەرە نەستێنێت. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاروباری ناوەندی هاوکاری هاتە بەرباس کە لەلایەن بەشدارانەوە قسەیان لەسەر کرا و بڕیاری پێویستیان لەسەر درا.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**١٦ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٧ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی نەورۆزی ١٤٠١

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!
خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!

بەرەبەرە خەریکین لە کۆتاییی ساڵ نزیک دەبینەوە و پێ دەنێینە نەورۆز و ساڵی تازە. بەو بۆنەوە سەرەتا پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە تێکرای خەڵکی خۆشەویست، بەتایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکانی کوردستان، تێکۆشەرانی سیاسی و خەمخۆرانی نیشتمانی خۆشەویستمان لە هەموو بوارەکانی خەباتدا دەکەین. هیواداریـن ئەو ساڵتان بە هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای ژیانتان بە سەرکەوتوویی بەڕێ کردبێت و بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ بکەن. خەڵکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری کوردستان هەروەک هەموو لایەکتان دەیزانن ساڵی ڕابردوو وەکوو ساڵانی پێشووتر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان ساڵێکی پڕ لە زەحمەت و کێشە و گرفتیان لە سایەی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی بەڕێ کرد. بەداخەوە ئەو ساڵیش لە درێژەی سیاسەتی شەڕخوازانە و نەزانکارانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، گرانی و هەژاری و بێکاری و کێشە یەک لە دوا یەکەکانی خەڵک، نەک کەمی نەکردووە بەداخەوە زیاتریش بوون و بەشی هەرەزۆری خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.
بەرپرسانی ڕێژیم و دەسەڵاتدارانیش داهاتی وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتی وەک ئێران یان خۆیان و داروودەستەکەیان بە ئاشکرا دەیدزن یان خەرجی دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە و یارمەتیی ڕێکخراو و تاقمە تێرۆریستەکانی هاوپیشەی خۆیان دەکەن.
بە جۆرێک کە گەندەڵیی هەزاران میلیاردیی مافیاکانی ناو دەسەڵات و سپای پاسداران برستی لە خەڵک بڕیوە و ژیانێکی ئاسایی بۆ زۆرێک لە خەڵکی ئێران بووەتە خەون و خەیاڵ.
بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە بە خۆشییەوە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی ئەو سیاسەتە وێرانکارییانەی ڕێژیم نەبوونە و بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتییان دەربڕیوە. بە جۆرێک کە ئەو ساڵ زیاتر لە ساڵانی پێشوو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە بردووە و لە بەرامبەر دیکتاتۆریی ئاخوندیدا ڕاوەستاون. نەورۆز یەکێک لە بۆنە گەورە نەتەوەییەکانی گەلانی ناوچەکە و بەتایبەتی گەلی ئێمەیە کە ساڵانێکە خەڵکی کوردستان جیا لە بۆنەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، کردوویانەتە مەیدان و مەتەرێزێکی بەهێز و ئەوەی تێدا دەبینرێت خەباتێکی بەربڵاو و «نا»یەکی گەورەیە بە داگیرکەرانی کوردستان و لە هەمانکاتیشدا پتەوترکردنی زیاتری ڕیزەکانی خۆیانە.
ساڵانێکە هەوری و جامانە و گوڵی سوور تێکەڵ بە شایی و گۆڤەندی کوردەواری بووە و سیمایەکی جوانی بە ڕووحی یەکگرتوویی و شوناسخوازیی نەتەوەکەمان بەخشیوە.
بۆیە ئەو ساڵیش وا چاوەڕوان دەکرێت کە نەورۆزی ئەوساڵی کوردەواری بە جۆش و خرۆشێکی زیاتر لە ساڵان لە هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستان بەڕێوە بچێت و مزگێنیدەری بەهارێکی ڕەنگین و ساڵێکی پڕدەسکەوت بۆ گەلەکەمان بێت. خۆشەویستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی هەموو ساڵانی دەسەڵاتداریی ڕەش و پڕ لە عەیب و عاری بەردەوام هەوڵی داوە کە پێش بە خۆشی و شایی خەڵک بگرێت و ئەوەی لە توانایدا بووە بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دریغیی نەکردووە. هەر لە گرتن و بانگکردنی چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنییەوە بگرە تا هەڕەشە و گوڕەشە لە خەڵک، هەوڵی داوە نەهێڵێت ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بەڕێوە بچن، بەڵام بەخۆشییەوە خەڵکی کوردستان کۆڵیان نەداوە و بە هەر شێوەیەک بۆیان کرابێت بە حەماست و بە جۆش و خرۆشەوە ڕێوڕەسمەکانی خۆیان بە شکۆیەکی زیاترەوە بەڕێوە بردووە. ڕێژیم کە لەو هەوڵەیدا سەر نەکەوت ئێستا دەیهەوێت بە پیلانێک ڕێوڕەسمەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و لەلایەکی دیکەشەوە سیمایەکی دیکە لە خۆی پیشان بدات. ئەویش ئەوەیە کە دەیانهەوێت لە هەندێک جێگا و بۆ وێنە لە شاری سنە بە وتەی خۆیان کەرنەڤاڵی نەورۆزی وەڕێ بخەن کە هیچ گومان لەوەشدا نییە کە خەڵک بە نەریتی ساڵان لەو شوێن و جێگایانەی کە مەبەستی خۆیانە ڕێوڕەسم دەگرن و ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.
دەبا لێرەشدا بە بایکۆتی ڕێوڕەسمەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕێژیم «نا»یەکی گەورەیان پێ بڵێین و ئەو پیلانەشیان لێ لەقاو بدەین. هاونیشتمانیانی خۆشەویست داواتان لێ دەکەین بە ئامادەبوونتان لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کە لەلایەن خەڵکی خەمخۆری خۆتانەوە بەڕێوە دەچن، بە جلوبەرگی جوان و ڕەنگینی کوردەواری و لەملکردنی جامانە و هەوری و بەدەستەوە گرتنی گوڵی سوور نەورۆزی ئەمساڵیش بکەنە دەرفەتێکی باش بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی و یەکریزیمان.
جارێکی دیکە نەورۆزی کوردەواری لە هەموو لایەکتان پیرۆز بێت و بە هیوای ساڵێکی پڕدەسکەوت و شایی و خۆشی بۆ هەموو لایەک.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٢٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٠**

# دەورەی ٢٥٥ی سەرەتایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆتایی پێ هات




لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دەورەی ٢٥٥ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی بەشێک لە کادر، پێشمەرگە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی حیزبی دێموکرات و میوانان لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو.
سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.
دواتر بەشداربووانی دەورە، بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لە ماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو.
پاشان «حەسەن خزرپوور» بەرپرسی پەزیرش و لێپرسینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد.
لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک کە کۆڕی هونەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەی کردبوو لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن «عوبەید مورادی» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا.
پاشان گۆرانییەک لەلایەن «هیوا حەسەن نژادی» پێشکەش بە بەشداربووان کرا.
دواتر پەیامی دەورەی ٢٥٥ی سەرەتایی لەلایەن «باسیت خزری» بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە.
لەو ڕێوڕەسمەدا کەسانی سەرکەوتوو لە بەشی سیاسی و نیزامیدا کە پلەی یەکەم هەتا سێهەمیان بەدەست هێنابوو لەلایەن «مستەفا مەناف» فەرماندەی هێزی ١٣٥ خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا. ئەو کەسانە بریتی بوون لە «حەسەن ئیبراهیمی، باسیت خزری و ئیبراهیم مەولوودی».
هەروەها «پەیام یووسفی، هەژار سراجی و میلاد نیک جوویان» لە بەشی نەزم و دیسیپلین کەسانی یەکەم هەتا سێهەم بوون و لەلایەن «کلارا ڕەسووڵی» خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.
ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی گۆرانییەک لەلایەن «پێشەوا سۆفی» کۆتایی پێ هات.

# دیداری پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە لەگەڵ حیزبی دێموکرات

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی، هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی «عەلی شەمدین» ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری پارتی پێشڤەڕۆ لە هەرێمی کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.
ئەو هەیئەتە لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرستیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێ کرا.
لەو چاوپێکەوتنەدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل دۆخی کورد لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا تاوتوێ کرا و کاریگەری و باندۆڕی هاوکێشە سیاسییەکان و دەرفەت و هەڕەشەکانیان لەسەر پرسی کورد باس کرد.
دوو لایەن وێڕای پێداگریکردن لەسەر یەکڕیزی و یەکگوتاریی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی هەر هێز و لایەنێک لە هەر بەشێکی کوردستان، سەبارەت بە بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، جەختیان کردەوە.

# یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی ٨ی مارس سمینارێکی بەڕێوە برد

ڕۆژی سێشەممە ١٧ی ڕەشەمە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن سمینارێکی لە کەمپی «دێگەڵە» ڕێک خست. لەو سمینارەدا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بەشدار بوون.
سەرەتای سمینارەکە بە خوێندنی سروودی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی دەستی پێ کرد.
دواتر «فواد خاکی بەیگی» بە تێروتەسەلی باسی لە ڕۆڵی ژنان لە خەباتی چەکداری و سیاسیدا کرد.
لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا «ئەوین مستەفازادە» لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژە بۆ بەشدارانی سمینارەکە قسەی کرد.
سمینارەکە بە پرسیار و وەڵامی بەشداربووان کۆتایی پێ هات.

# یەکیەتیی ژنان ٧٦ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە بەرز ڕاگرت

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٦ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بەڕێوە برد.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.
پاشان «شنە درووگەر» سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.
پاش پێشکەشکردنی پەیامەکە گۆرانییەک لەلایەن «مەریەم یووسفی»



پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشکەش کرا.
دوای ئەو برگەیە خەڵاتی «میناخانم قازی» لەلایەن «شنە درووگەر» پێشکەش بە «هاوڕێ ئیسماعیلی» کرا.
پاشان شێعرێک لەلایەن «ماریا وەیسی» لەژێر ناوی «پێشمەرگە» خوێندرایەوە و گۆرانییەکیش لەلایەن «نیزام سەجادی» پێشکەش کرا.
لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕێز لە بەڕێوەبەریی پێشووی یەکیەتیی ژنان گیرا و لەلایەن «شنە درودگەر» سکرتێری ڕێکخراو لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا، برگەی دووەمی ڕێزلێنانەکە تایبەت بوو بە ڕێز گرتن لە ئەندامانی چالاکی کۆمیتەکانی ڕێکخراو هەروەها ئەندامانی چالاکی بەشی ڕاگەیاندن کە لەلایەن «سەیران عیزەتی» جێگر سکرتێری ڕێکخراو پێشکەش کرا.
دواتر «زەینەب عەسری» وەکوو نوێنەری ئەمنییەت و «کوێستان محەممەدی» نوێنەری کچانی شاخ لەلایەن «فەریدە محەممەدزادە» لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.
هەروەها دیکۆمێنتێک لەسەر ژیانی خاتوو» هاوڕێ ئیسماعیلی» پێشکەش کرا.

## دریژەی پەیڤ

خولیا و ئاواتی کوردبوون وەجووڵە دەخا. مانیفێستی کوردبوون لە ژێر مەشخەڵانی ئاگری نەورۆز و بە سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی، بە دەنگێکی مێژوویی و بە هاوارێکی بەرزی سەرشاخانەوە، دوندبەدوند و گوندبەگوند و کۆڵانبەکۆڵانی شار و شاخی کوردستان دەگەڕێ. ئەم مانیفێستە، بانگی بەرزی سەرهەڵدان و ژیانەوە و خۆڕاگری و قەت نەوەستانە. مانیفێستی کوردبوون، سروودی ئەی ڕەقیبە بە مەشخەڵانی نەورۆزەوە و بە هاوڕێزی و پێکەوەبوونی مرۆڤە ئەرکدارەکانی کوردستان بەرەو لووتکە هەڵدەکشێ.
نەورۆزی کوردبوون و ئەرکی مرۆڤایەتیمان پیرۆز

# پەیامی نەورۆزیی
# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**هاونیشتمانیانی هێژا!**
**خەڵکی بەئەمەگ و خۆڕاگری کوردستان!**

لە کاتێکدا بەرەوپیریی ساڵی نوێ دەچین، پێویستە ئاوڕێک بدەینەوە سەر هێندێک ڕووداوی گرینگ کە لە ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا و کاریگەرییان لەسەر دۆخی گشتیی کوردستان و ئێران داناوە و پێوەندییان بە ڕەوتی بەردەوامیی خەبات و خۆڕاگریی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەرانبەر بە ناوەند هەیە.
گرینگیی ئەم باسانە لەوەدایە کە ڕووداوەکان بە دیوێکی دیکەدا لێک بدەینەوە. تێگەیشتنێکی هاوبەش لە ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران بەدەستەوە بدەین، بۆ ئەوەی وەکوو کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داهاتووی خەباتەکەمان لەبەرچاو بێت.

## هەڵبژاردنەکان

لەم ساڵەدا، جارێکی دیکە شانۆی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بەڕێوە چوو. بەدەر لە ماهییەت و نێوەرۆکی ئەم شانۆسازییە، ئاکامەکانی بۆ ئێمە گرینگ بوو. پێکهاتەی چەواشەکارانە و دژە دێموکراتیکی ئەم هەڵبژاردنە، قووڵایی ململانێ نێوخۆییەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ڕوونتر کردەوە.
بژاردەی «بایکۆت» تەنانەت لەلایەن ئەو ڕەوت و لایەنانەی کە کۆڵەکەی قورس و قایمی دەسەڵات بوون، مانادار بوو. ئەم هاودەنگییە نوقتە گۆڕانێک بوو لە مێژووی سیاسیی ڕێژیمدا. مافیای سپای پاسداران لەژێر ڕێنوێنیی بەیتی ڕەهبەری، چڕوپڕتر لە ڕابردوو، جومگەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. سەلماندنەوەی بێمتمانەیی خەڵک بە دەسەڵات و ڕوونتربوونەوەی بێمتمانەیی دەسەڵاتداران بە یەکتر، ئاماژە گرینگەکانی ئەم هەڵبژاردنە بوو.
شەپۆلە ڕووخێنەرەکانی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان لە ساڵی ڕابردوو کە دەسەڵاتی کردە ئامانج، لە ڕووی جوغرافیای سەرهەڵدان و ڕادەی بەربڵاوبوونیەوە شیاوی سەرنج و تێڕامانە. ڕادەی ناڕەزایەتییەکان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ڕادەی چەوساندنەوە و ستەمەوە هەیە. لەم هاوکێشەیەدا، پەیوەندیی «جوغرافیای سەرکوت» و «جوغرافیای سەرهەڵدانەکان» زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

## نائەمنکردنی ژینگە

ئەگەرچی خۆپێشاندانەکانی ئەهواز لەم ساڵەدا، لەبەر نەبوونی ئاو و خزمەتگوزاری دەستی پێکرد، بەڵام ڕیشەکەی بۆ چەوساندنەوە و ستەمی چەندقات و لە گەشە خستنی ئەو ناوچە نەتەوەییە دەگەڕێتەوە.
ئەم ڕووداوە خوێناوییە لە درێژەی شەپۆلەکانی پێش خۆی، بە دروشمی پێکهاتەشکێنانە و ڕووخان، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی وەلەرزە خست.
هەرێمی ئەهواز کە هەرێمێکی دەوڵەمەند و بەپیتی سامانە سروشتییەکانە، بەهۆی گواستنەوەی لە ڕادەبەدەری ئاوەکەی، لەگەڵ قەیرانی بێئاوی و وشکەساڵی بەرەوڕوو بووەتەوە. بە ڕادەیەک کە دانیشتوانی، ئاوی خواردنەوەشیان بەزەحمەت دەست دەکەوێت. چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچ بەرەو ناوچەکانی دیکە، لەنێوچوونی ژێرخانی وەرزێڕی، کەوتنە مەترسیی ژینگەی گیانلەبەران و دەیان دیاردەی دیکەی لەو چەشنە، لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە دەستکردەی ڕێژیم و مافیای سپای پاسدارانن کە ئامانجی سیاسی و ئەمنییەتییان لەپشتە.
ئەم دۆخە، دۆخی داگیرکارییە کە تیایدا سیاسەتی بەتاڵانبردن و سەرکوتی بەدواوەیە. دۆخێک کە لە هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەش بوونی هەیە. توندوتیژیی سیستماتیک، وەک ڕەوتێکی سروشتی خۆی دەنوێنێت کە ڕیشەی لە پێکهاتەی فکری و جیهانبینیی کۆماری ئیسلامیدایە. لەم جیهانبینییەدا، مرۆڤایەتی و تەنانەت ژینگەش پارێزراو نین.

## نائەمنکردنی شوناس و ناسنامە

ڕەهەندێکی دیکەی دۆخی ستەم و بندەستی، پرسی زمان و نائەمنکردنی ناسنامەیە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە پرسی ناسنامە و پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا، سیاسەتی مەرگ بووە. بەئەمنیکردن، بەکەمینەکردن، خستنەپەراوێز و تواندنەوەی ناسنامەکان، هەوێنەکانی ئەم سیاسەتەن.
کاتێک باس لە ئاسایشی ناسنامە دەکرێت، مەبەست کۆی ئەو هەلومەرجەیە کە یەکەیەکی نەتەوەیی، بە پاراستنی هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، توانای خۆبەڕێوەبەری و مانەوە و گەشەی هەبێت. واتە هەر سیاسەت، ڕووداو یان پرۆسەیەک کە بوون و مانەوەی ئۆرگانێکی ئەم یەکەیە بکاتە ئامانج، بە تێکدانی ئاسایشی ناسنامە پێناسە دەکرێت. لە کوردستان و هەرێمە بندەستەکانی دیکە، سیاسەتی بەئەمنیکردنی پرسی زمان بەردەوامە. چاودێری و داخستنی ئەنجومەنە ئەدەبی و فێرکارییەکان، دەسبەسەرکردن و ڕەشگبیریی چالاکانی ئەو بوارە، نوێنگەکانی ئەم سیاسەتەن.

## مانگرتنی مامۆستایان

بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی مامۆستایان بابەتێکی دیکەی گرینگی ساڵ بوو. مانگرتنی مامۆستایان یەکێک لە ڕێکخراوترین و سەرانسەریترین مانگرتنەکان بوو. بزووتنەوەی بوێرانەی مامۆستایان دژی بەڵێنیی درۆیینی دەوڵەت و مەجلیس سەبارەت بە مەسەلەی پلەبەندی، پێڕانەگەیشتن بە دۆخی بژیو و داهاتی خانەنشینکراوان، هەروەها سەرکوت و وەدەرنانیان، لە چەند قۆناغێکدا بەڕێوە چوون. دروشمی سەرەکیی مامۆستایان دژ بە ڕێژیم و دژی ناعەدالەتی، گەندەڵی، بێمافی و زیندانیکردنی هاوپیشەکانیان بوو.

## سەرکوتی زانکۆکان

داخستن و پشووی زانکۆکان لە سەردەمی کۆرۆنا، سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی خوێندکاریی شل کردەوە، هاوکات بوو بە دەرفەتێک تاکوو سەرکوت لە زانکۆکان خێراتر بێت. لەم ماوەیەدا، سەرکوتی چالاکانی خوێندکاری و گرتن و زیندانیکردن و وەدەرنانی مامۆستایانی زانکۆ پەرەی ئەستاند. ئەم ڕووداوانە، پاکانە حیسابی سیاسی لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایانی جیابیر بوو.

## جیهادی تەبیین

بابەتێکی دیکە، ڕاگەیاندنی جیهادی تەبیین بوو لەلایەن عەلی خامنەییەوە. ئەم ڕووداوە درێژەی مانیفێستی کۆماری ئیسلامییە بۆ داهاتوو کە بە «هەنگاوی دووەم» دەناسرێتەوە. جیهادی تەبیین، جۆرێک بانگهێشتی جیهادییە بۆ سنووربەندی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی دەستکردی ڕێژیم. پەرەپێدان بە تەبلیغی مەزهەبی و سیاسی بۆ بەهاکانی شۆڕش و هەروەها بەهێزکردنی ڕەوتی شیعەگەری لە وڵاتانی دیکە، ئامانج و ئاراستەی ئەم جیهادەیە.

## قووڵتربوونەوەی قەیرانەکان

ئەزموونی کۆماری ئیسلامی، ئەزموونی کەڵەکەبوونی قەیرانەکانە. دەکرێت کۆی ئەم قەیرانانە لەژێر ناوی «قەیرانی پێکهاتەیی» دەستەبەندی بکرێن. کۆمەڵێک قەیرانی ئاڵۆز و تێکچنراو، وەک قەیرانی بەڕێوەبەری، قەیرانی ڕەواییدان، قەیرانی نەتەوە و دەوڵەتسازی و قەیرانی بەشداربوون، تەنگیان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە و ئاماژەکانی بنبەستی سیاسی زیاتر خۆیان دەردەخەن. تا ئێستا، ئەنجامەکە ئەوە بووە کە حکومەت لە بەرەوپێشبردنی پرۆژەی دەسەڵاتی ئایینی- ئیدئۆلۆژیکی خۆی، لەگەڵ بنبەست بەرەوڕوو بووەتەوە و چەقیوە.

## کەیسەکانی گەندەڵی لە مافیاکانی دەسەڵات

ئاشکراتربوونی کەیسەکانی گەندەڵی، خاڵێکی دیکەی شیاوی سەرنجە. لە یەک ساڵی ڕابردوودا، لە زمانی بەرپرسان و کەسایەتییە دیارەکانی دەسەڵاتەوە، بە مەبەستی سیاسی، بەشێک لە گەندەڵییەکانی دامودەزگاکانی حکومەت لەقاو دران. لە نموونەی دواییدا، فایلێکی دەنگیی بەشێک لە گەندەڵییەکانی مافیای سپای پاسداران و دەسەڵاتی بەدەستەکانی نزیک لە عەلی خامنەیی و بەیتی ڕەهبەری بڵاو بووەوە. ئەوەش دەرکەوت کە چلۆن چاوپۆشی لە گەندەڵییەکان کراوە. تەسەورێک کە ڕای گشتیی ئێران لە گەندەڵی و تاڵانکارییەکانی مافیاکانی سەر بە دەسەڵات هەیەتی، زۆر بەربڵاوترە لەو ڕادەیەی کە تا ئێستا باسی لەسەر کراوە.

## بەئاگا هاتنەوەی زیاتری ڕای گشتی

هەست بە بێبەشی و چەوساندنەوە، تێگەیشتنێکی هاوبەشی لە هێزی ڕووخێنەر و پاشکەوتووی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە. ئەم هەستە کە زۆر جاران لای بەشێکی خەڵک تەنیا بارێکی زەینی و دەروونیی هەبووە، بەهۆی بەردەوامبوونی قەیرانەکان، گۆڕانکارییەکی فیکری بەدوای خۆیدا هێناوە.
گەندەڵیی سیستماتیک، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، ناکارامەبوونی یاساکان، بەڵێنە بێکردەوەکان، ئیستبدادی دینی و دەیان دیاردەی دیکەی لەم چەشنە، دەرفەتی ژیانێکی ئاسایی بۆ دانیشتوانی سەر جوغرافیای ئێران لەبار بردووە.
بە گوتەی شارەزایان، هێڵی هەژاری بەڕادەیەک بەرز بووەتەوە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە. مانگرتن و ناڕەزایەتیی ژنان، کرێکاران، جووتیاران، مامۆستایان، پەرستاران، پەراوێزنشینەکان، بنەماڵەی قوربانییان و زیندانییانی سیاسی و توێژەکانی دیکەش، لەم هەستەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕێژیم بە پاساوی پیلان و دەستێوەردانی دوژمنان، گوشارەکانی زۆرتر کردووە.
چەمکی دوژمن، چەکێکی سەرەکیی ڕێژیمە بۆ سەرکوتی هەر جۆرە دەنگ هەڵبڕینێک. ڕێژیمێک کە بە بانگەشەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچەیی لەگرێژەنە بردووە، لە نێوخۆشدا ئەم شۆڕشەی تا ناخی کۆمەڵگا هەنارده کردووە. دروشمی بەرگری لە موستەزعەفین لە دەرەوەی سنوورەکان، شەپۆلی بێئامانی هەژارانی لە نێوخۆی ئێران وەڕێ خستووە.

## بەرجام

لەم دۆخە نێوخۆییە و لە بەستێنی هاوکێشە و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا، ڕوونە کە هەر جۆرە ڕێککەوتنەوەیەک لەسەر بەرجام یان لە دەرەوەی بەرجام، تەنیا بۆ دوو مەبەستە، یەکەم، بەڕەسمی ناسینی ڕێژیمی سەرکوت و زەمانەتکردنی واقعییەتی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دنیای دەرەوە، دووەم، دابینکردنی باری دارایی و دەستڕاگەیشتنی بە کاناڵە ماڵییەکانە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی لە نێوخۆ و دەرەوە.
هاوکات لەگەڵ پەککەوتنی وتووێژەکان بە هۆکاری «دەستێوەردانی دەرەکی»، جەمسەربەندیی سیاسیی وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاوا بە هۆی شەڕی ئۆکراینەوە زیاتر زەق بووەتەوە. کۆماری ئیسلامی بەهۆی دەستپێکردنەوەی هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەبەرەی شەڕانگێزانە و دیکتاتۆریدا بەردەوامە. ئەوەی ڕاستی بێت کۆماری ئیسلامی بە بەرجام و بێ بەرجام، جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە. ئەوەی لەم نێوەدا ئاسایشی لە مەترسیدایە، کۆمەڵگاکانی ئێران و ناوچە و جیهانن.

## گەشەی بیری ئازادی و نەتەوەیی لە هەرێمە بندەستەکان

سەرەڕای ئەو کەشە کە بەسەر ئێراندا زاڵە، ڕەوتی بەئاگابوون و بەخۆداهاتنەوەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، ئاماژەیەکی سەرەکین. پەرەئەستاندنی ڕەوتی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند، ئەگەرچی بە شێوەی ڕێژەیی خۆی دەرخستووە، بەڵام جێی سەرنجن. وەک بەراوردێک، ئەگەر چی بزووتنەوەی سەوز کە نوێنگەی پرۆژەی چینی مامناوەندی شاری بوو و داوای دەنگەکانیان لە ڕێژیم دەکردەوە، بەڵام شەپۆلە ڕووخێنەرەکانی ساڵی ١٣٩٨ و دواتر لە ساڵی ١٤٠٠، تەخت و بەختی ڕێژیمیان کردە ئامانج. گوتاری ڕووخان، زیاتر لە ڕابردوو، گوتاری سەرەکیی سەر شەقامەکان بووە، بە تایبەت لای نەتەوە بندەستەکان.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکخستنی ناوماڵی کورد

ئەم ساڵەی ڕابرد، سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم و سیاسەتی بەرگریی کورد لە ڕۆژهەڵات شان بە شانی یەک بەردەوام بوون. ڕەوتی ئێعدام و زیندانیکردن و ڕەشبگیریی چالاکان و ڕۆڵە ئازادیخوازەکان و کوژرانی کاسبکاران بەردەوام بووە. بەڵام هەستی نەتەوەیی و خۆڕاگریی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات پتر گەشەی کردووە. پێویستە شار وەک چەقی خەباتی لێکگرێدراو و جەماوەری، بە پاڵپشتیی خەباتی شاخ، لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بێت، ئەم هاوخەباتییە بە زیندوویی بمێنێتەوە و بەهێزتر بێت. نوێنگەیەکی ئەم هاوخەباتییە، پەیوەستبوونی پۆل پۆل لە کوڕان و کچانی نیشتمان بە سەنگەری ئاوەدانی شاخ و ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییە کە بە خۆشییەوە بەردەوامە.
بۆ دەربازبوون لە دۆخی بندەستی و گەیشتن بە داهاتوویەکی دیار، پێویستە نەتەوە بندەستەکانی ئێران گوتاری هاوبەشی خۆیان بۆ گەیشتن بە سەروەریی نیشتمانی و ڕزگاری، چڕتر بکەنەوە. یەکخستنەوەی نێوماڵی حیزبەکان، زەروورتێکی مێژووییە و زیاتر لەوەی کە پرسێکی نێوخۆیی حیزبەکان بێت، پرسێکی نێوخۆییی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتە. دەبێ هەوڵەکانمان لەم پێناوەدا شێلگیرانەتر بێت. بێ گومان، داهاتوو و چارەنووسی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات، گرێدراوە بە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و حیزبەکانیەوە. لەم بۆنەیەدا، ڕایدەگەیەنم کە پرۆسەی وتووێژەکانی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات، بە باشی قۆناغەکانی دەبڕێت و هیوادارین کە بگاتە کۆتا ئەنجام، کە ویستی زۆربەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و دۆستانی حیزبی دێموکراتە.
پێویستە خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە یەکڕیزی و هاوپشتی، جارێکی دیکە نەورۆز بکەنە هەوێنی هاوخەباتی و پێکەوەبوون و ئاگری ئەمساڵ لەسەر پشتی داگیرکەر دابگیرسێنن.
لێرەوە سەری ڕێز بۆ شەهیدان و بنەماڵەکانیان دادەنوێنم. سڵاوی ئەمەگناسانە بۆ قارەمانانی نێو زیندانەکان. سڵاوی وەفا بۆ تێکۆشەرانی سەنگەری بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و کوردایەتی.

**سڵاو لە ئەندامان و لایەنگران.**
**سڵاو لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ.**
**سڵاو لە خەڵکی ئەمەگناس و خۆڕاگری کوردستان.**
**نەورۆز لە کوردستان و کورد پیرۆز بێت.**
**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**
**نەورۆزی ٢٧٢٢ی کوردی**

# بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان




ئیبراهیم لاجانی

ئەو ڕوانگە دواکەوتووانەیە کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێمە بۆ ژن، چ وەک ئینسان و چ وەک بەشێک لە کۆمەڵ، هەیەتی دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.

ئەگەر دەمانهەوێ کوردستان بەرەو مۆدێرنیتە بەرین و پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە کوردستاندا بەرینە پێش، پێویستە پێش هەموو شتێک ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانگەی خۆمان لە بوارە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئایینییەکاندا،لە پێوەندیی لەگەڵ مرۆڤدا بێنین.

مۆدێرنیتە لەوەڕا دەست پێدەکات کە مرۆڤ بخەینە نێو چەقی بازنەی ڕوانینمان واتە ڕێز لەو مافە سروشتییانەی مرۆڤ بگرین کە بە شێوەیەکی سروشتی کاتێک ئینسان لەدایک دەبێ و دێتە سەرزەوی، دەبێتە خاوەنیان. بەوپێیە کۆمەڵگای ئێمەش دەبێ ژن وەک مرۆڤ تەماشا بکات و ماف و ئازادییە سروشتییەکانی بپارێزێ. دابینکردنی مافە سروشتییەکانی ژنان نەک هەر لەپێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژناندا، بەڵکوو لەپێوەندی لەگەڵ مافەکانی منداڵانیشدا، بایەخ و گرنگی زۆریان هەیە چوونکە تەنیا کاتێک مافەکانی منداڵان ڕیالیز دەبن کە مافەکانی ژنان دابین کرابن.

ڕوانگەی چەوتی ئێمە بۆ ژن لێرەوە دەست پێدەکات کە هەر لە منداڵییەوە، ژن نەک وەک ئینسانێکی سەربەخۆ، بەڵکوو لە پێوەندیی لەگەڵ پیاودا پێناسە دەکەین. کۆمەڵگای ئێمەش وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی سوننەتی و دواکەوتوو، بە چاویلکەی ناموسی و غیرەتی جنسی، سەیری ژن دەکا.

لەو ڕوانگە ناموسییەدا ئیتر ژن دەبێتە شت و دەبێتە ئامرازێکی جینسی و بەس. نابێ تووشی ئەو هەڵەیە بین کە ناموس و داوێنپاکی تێکەڵ کەین. داوێنپاکی تایبەتمەندییەکی ئەخلاقی و شەخسی پڕبایەخە. ئەوە مەسەلەیەکی شەخسییە نەک مەسەلەیەکی قانوونی و جەزایی. جگە لەوە داوێنپاکی نابێ بکرێتە ژنانە و پیاوانە.

ئەگەر واباشە پیاوان داوێنپاک بن، هەر بەوجۆرە باشە ژنانیش داوێنپاک بن.

لەو ڕوانگە دواکەوتووانەیەدا نامووس بەشێکە لە وجوودی ژن کە هی پیاوانی کەسوکارە. تا کۆمەڵگا دواکەوتووتر بێت، ئەو مالیکییەتە بە سەر ژنەوە لە پیاوانی خزم و کەسوکارەوە پتر بەرین دەبێتەوە و دەگاتە پیاوانی گەڕەک و عەشیرەت و تەنانەت هاوشاریش و زۆرجاری وایە لەوەش تێدەپەڕێ.

لەو کولتووورە سەقەتەدا ژن لەسەریەتی تەنیا لەگەڵ ئەو پیاوانە هەستێ و دانیشێ کە خاوەنەکانی بۆی دیاری دەکەن.

چۆن ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو ڕوانگە دواکەوتووانەیەدا بێنین؟

لەو بارەوە دەبێ هەم لەبواری فەرهەنگی و کولتوورییەوە و هەم لەبواری یاسادانانەوە کار بکەین. ئێمە نابێ لە هێزە کۆنەپارێزەکانی نێوکۆمەڵگای کوردستان بسڵەمینەوە.

دەبێ بە ئاشکرا بێینە مەیدان. میللەتی ئێمە موسوڵمانن. ئەوە تەواو ڕاستە بەڵام ئەوە هیچ ڕێ لەوە ناگرێ کە ئەوەی هەر لە سەرەتای بلووغبوونەوە بە حەقی کوڕان و پیاوانی دەزانین، بە کچان و ژنانیشی ڕەوا نەبینین. لەوەش زیاتر ئەوە کەی عەداڵەت و ئینسافە کە هەر ئەو شتەی کە کوڕان و پیاوان دەیکەن، کاتێک کچان و ژنان دەیکەن، بۆیان بە تاوان دابنرێ و بە خاتری ئەنجامدانی هەمان کار و هەڵسوکەوت، سزا بدرێن یا بەدناو بکرێن.

دوای ئەوە دەبێ تێبکۆشین لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندن و مووچە و کاروەرگرتن و بوارەکانی دیکەی یاسای مەدەنیدا، بەرانبەری ژنان و پیاوان لە قانووندا، دەستەبەر بکەین. جگە لەوە دەبێ قانوون ژنان لەبەرانبەر ئەو توندوتیژییەشدا بپارێزێ کە بەهۆی هەبوونی ڕۆحیەی پیاوسالاری و غیرەتی جنسییەوە لە کۆمەڵ و لە نێو بنەماڵەدا لەگەڵی بەرەوڕوو دەبن.

بەداخەوە ئەو ڕوانگە چەوتەی ئێمە بۆ ژن لەگەڵ دین و مەزهەب و کولتوورمان ئاوێتە بووە، بۆیە لەو مەیدانەشدا دەبێ هانا بۆ سکۆلاریزم بەرین. دەبێ ئەو حەقە بە ژن بدەین کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات و دەسەڵاتی بەسەر لەشولاری خۆیدا هەبێت و بە ئازادیش شەریکی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ.

لەو بارەوە پێویستە کەڵک لە یاسا و قانوون و پراکسیس و عورف و عادەتێک وەرگرین کە ئەو حەقە بە ژن دەدا، وەک ئینسان، لە کۆمەڵ و لە بنەماڵەدا، ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ.

بۆ ئەو کارەش پێویست نییە دەست لە دین و مەزهەبی خۆمان هەڵگرین، دەتوانین خوێندنەوەی هاوچەرخ و قەرائەتی تازەمان لە ئەسڵە شەرعی و تێکستە مەزهەبی و ئایینییەکان هەبێت. ئەوە تەواو شتێکی ڕەوایە لە دین و مەزهەبدا و زانا و قازی و مامۆستا ئایینییە بەڕێزەکانمان، بە لەبەرچاوگرتنی قۆناخەکانی ئێستای پێشکەوتنی کۆمەڵگا، دەتوانن خوێندنەوەی تازەیان لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان هەبێت.

واتە دەبێ کارێک بکەین کە لە هەر جێیەک ڕێوشوێنە مەزهەبییەکان، بە زیانی مافە سروشتی و ئینسانییەکانی ژنان عەمەل دەکەن، قانوونی دیکە دانین و کەڵک لەو یاسا و عورف و قانوونانە وەربگرین کە بەرانبەریی نێوان ژن و پیاو لە بەرامبەر قانووندا دابین دەکەن. ئاخر ژنیش وەک پیاو، خوا خەڵقی کردووە.

کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە کولتووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە ئامادەیە. کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی سیاسییە و سەدان ساڵە بۆ ئازادی و ڕزگاری و مافە نەتەوایەتی و ئینسانییەکان خەباتی تێدا بەڕێوە دەچێ. ئەو خەباتە بۆ بەرانبەریی و ئازادیی ژنانیش بووە، کە بەشێکی گرنگی میللەتەکەمانن.

ئازادی ژن و هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی ژنان مەسەلەیەکی لوکس و فیمینیستی نییە. بەڵکوو مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و بۆ ئێمە لە کوردستان بەشێک لە ستراتیژی ڕزگاری نەتەوەییە.

ڕزگاری لە ژێرچەپۆکی و مەینەتبەشی و ستەم و هەڵاواردن و چەوسانەوەی هەموو لایەنە.

دونیا بەخێرایی باوبەرق دەڕواتە پێش. کۆمەڵگای ئێمە ناتوانێ چیدیکە بە خێرایی کیسەڵ بچێتە پێش. چوونکە ئەوە وامان لێ دەکا قەت نەگەینەوە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی.

کوردستان ئەگەر لە نیوەی یەکەمی قەڕنی ٢١دا نەتوانێ هەموو کۆت و زەنجیرەکانی دەست و پێی خۆی بپچڕێنێ، تازە ئیدی تەنیا دەبێ لە داهاتوودا دڵی بەوە خۆش بکا، لە دوورەوە تەماشای تەپوتۆزی کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بکات. پەروەندەی کار و پێشکەوتن و خەباتی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا، جێگای ڕەزامەندی نییە. خۆ لەخۆڕا نەبوو قاسملوو دەیگووت، ئەگەر نەوەکانی پێشووی کوردستان چاک کار و خەباتیان کردبا، حاڵی ئەو نەسڵەی ئێستا ئەوە نەدەبوو کە هەیە.

کەواتە بۆ کەوتنە سەر مەداری مۆدێرنیتە، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بۆ ئێمەی کوردستانی چەندە گرنگە، ڕزگاربوونمان لە ستەم و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و بێعەداڵەتی و ستەمی جنسیش هێندە گرنگە.

من قەت لەگەڵ زێدەڕۆیی و فیمینیزمی شیک و لوکس و ڕادیکاڵ نیم. نابێ ڕێگای ئەوەش بدەین کە شوێنیزمی ژنانە جێگای پیاوسالاری و شوێنیزمی پیاوانە بگرێتەوە. زەوقی سالمی ئینسان دەبێ پێوانەی پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو بێت. ڕەچاوکردنی دەورووبەر و ژینگەی کەمەڵایەتی و سروشتی و هاوسەنگی و باڵانس، جەوهەری ئەو زەوقە سالم و سەلیمەن کە لە ئینسانی کورددا هەبووە و هەیە.

ئێمە دەبێ ئەو ڕوانگە و کولتوورە لە کوردستاندا پیادە بکەین کە دەڵێ ژن و پیاو هەر دووکیان ئینسانن،لە کۆمەڵ و لە ماڵ و لە نێو بنەماڵەدا پێویستە ئازاد و بەرانبەر بن و پێکەوە لە ئاشتی و ئیحترام و کەرامەت و ڕووسووریدا بژین.

پێوانەی هەر جووڵەیەکی ئازادیخوازانە و خێرخوازانە و پێشکەوتنخوازانە لە کوردستاندا، ئەوەیە کە چەندە پشتیوانی لە ئازادی و ڕزگاری کوردستان و میللەتی کورد دەکا. دین و مەزهەب و ئیلاهیاتیش، لە کوردستان کە دەبێ بەگوێرەی ئوسول بۆ خێری گشتی و بەرزکردنەوەی مەعنەویات و ئەخلاقیات و ویژدانیاتی ئینسانی کورد کار بکا، بەشێکە لەو پرۆسەیە.

لە سەرتاسەری مێژووی بزووتنەوەی کورددا، ئیلاهیاتی کوردستانی بەشێک بووە لە هێزی ئیلهامدەری خەبات بۆ ئازادی و پێشکەوتن. یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستاندا، بە پشتیوانی پێشەوای مەزن قازی پێکهات و پێشەوا بنەماڵەی خۆی لەوبارەوە کردنە مۆدێل و سەرمەشق و هانی دان بێنە مەیدانی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

ئەوەی مەسەلەی ژنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کردۆتە مەسەلەیەکی هەستیار، زۆرتر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵگای ئێمە بە چاویلکەی مەزهەبییەوە تەماشای ژن دەکات. ئێمە لەگەڵ سیستمێکی عیبادی و حقووقی ئەوتۆ بەرەوڕووین کە بەداخەوە ژن وەک بوونەوەرێکی خزمەتکاری پیاو دەبینێ. بوونەوەرێک کە لە خاوەنداریەتی پیاودایە و لە پەراسووەکانی پیاو درووست بووە. بایەخ و ڕێزیشی بەوەوە نە بەستراوەتەوە کە وەک پیاو ئینسانێکی سەربەخۆیە و ئازاد هاتۆتە سەر دونیا و خاوەنی عەقڵ و شعورە و دەبێ وەک ئینسان سەیری بکرێ و مافە سروشتی و فترییەکانی دەستەبەر بکرێن بەڵکوو تەنیا لە خزمەتکاربوونی پیاو و وەفاداربوونی بە پیاودایە کە شایستەیی ئەوە پەیدا دەکات بەڕێزەوە سەیری بکرێ. بەداخەوە ئەو وەزعە هێندە داخهێنەرە کە تەنانەت لە هەندێک شوێن، یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت و پۆلیس و دامودەزگای ئیداری بۆتە ئەوە کە هەستان و دانیشتن و چۆنیەتی جلوبەرگ پۆشینی ژنان بخاتە ژێر چاوەدێری.

ڕوونە لە بارودۆخێکی وادا، ژنان لە دواکەوتوییدا ڕادەگیردرێن، توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان و منداڵان پەرەدەگرێ، مافەکانی ژنان و منداڵان دەخرێنە ژێرپێ و نەخۆشی و گەندەڵییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنن.

دێموکراسی و ئازادی ئەگەر جەوهەرەکەی دابینبوونی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان و مافەکانی منداڵان و کەمئەندامان نەبێت، بێ نێوەرۆکە. لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر ماف و ئازادییەکانی ژنان دەستەبەر بکرێن، پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و پەرەسەندنی هەموولایەنە خێراتر پێکدێ بۆیە ئەرکی هەموومان، حیزبەکان و ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانە لەو مەیدانەدا چالاک و هەڵسووڕ بین و لە هەر دەرفەتێک کە دێتە پێش بۆ چوونەپێشی پرۆژەی دابینکردنی مافەکانی ژنان و منداڵان کەڵک وەرگرین و بیکەینە خەمی هەمیشەیی و بەشێک لە بەرنامەی خەبات.

فیمینیزمی لوکس و توندڕەو، شتێکە کە پێوەندی بە کۆمەڵگای ئێمەوە نییە. ئەوە دڵەشغوڵی هەندێک لە ژنانە کە پێموایە لە کوردستان ژمارەیان لە قامکی دەستان تێناپەڕێ. میللەتی ئێمە خوازیاری لابردنی هەڵاواردن و ئاپارتایدن کە لە کۆمەڵگادا بەرانبەر بە ژنان ڕەچاو دەکرێ. ژنانی کوردستان دەبێ پشتیوانی قانوونی و قەزایی و سیاسییان لێبکرێ.

پێویستە ڕێگایان بۆ تەخت بکرێ تا نەک وەک ژن بەڵکوو، وەک هاووڵاتی، هاونیشتمانی، وەک ئینسان و تاکی کورد، لە هەموو بوارەکاندا، لە فەزای گشتیدا، توانایی و لێوەشاوەییەکانیان نیشان بدەن و خۆیان ڕێئالیزە بکەن. ژنان دەبێ لە کوردستاندا لە ماڵ و لە شوێنی کار و خوێندن و بازاڕدا، لە ئاماندا بن و توندوتیژیان لەگەڵ نەکرێ.

خەبات بۆ ئازادی و پێشکەوتنی کورد و کوردستان لە مەیدانی جۆراوجۆردا بەڕێوە دەچێ. خەبات و کاروتێکۆشان بۆ گۆڕینی ڕوانگەی ناعادڵانە و دوور لە ئینساف بۆ ژنان، یەکێک لەو مەیدانانەیە. وەرن با هەموو لەو بوارەدا دەست وێکدەین. ئەوە بەتەنیا هەر ئەرکی ژنان نییە، هەموو چین و توێژەکان پێویستە گۆشەیەکی ئەو خەباتە بەرنەپێش. پێگەی ژن، ماف و ئازادییەکانی ژنان و منداڵان دەبێ لە قەڵەمڕەوی مەزهەب بێتەدەر و عورفیگەرا بکرێت.

تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە گەشەی ژنان مسۆگەر دەبێت و کەرامەتی ئینسانی ژن ڕێزی لێدەگیرێ. ئاخر کەرامەت شتێکی جنسی نییە. ئەگەر پیاو کەرامەتی هەیە، ژنیش خاوەنی کەرامەتە و دەبێ ڕێز لە کەرامەتی بگیردرێ. لە جێیەک کەرامەتی ژن بشکێ، پیاویش ئەگەر خۆی لە گێلی نەدا، کەرامەتی شکاوە و بێ کەرامەتە.

من دڵنیام ژنانی کوردستان تازە بە خۆگێڤکردنەوەی چەند کەسی جاهیل ناترسن و عەزمی خۆیان جەزم کردووە کە لە گۆڕەپان و مەیدانی خەباتدا چالاک و کاریگەر بن.

ئەوان لێبڕاون نەک هەر خۆیان لە قەیدوبەندی پیاوسالاری و فەرهەنگی دواکەوتووانە ڕزگار بکەن، بەڵکوو دەیانهەوێ ڕۆڵی کاراش لە ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورددا بگێڕن.

# شەڕی ڕووسیا بۆ ئۆکراینا

**موعتەسەم نوورانی**

شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا بە ئاستێکی دژوار و خوێناویدا تێدەپەڕێ. ئەو شەڕە هەموو ناوچە و گوند و شارەکانی ئۆکراینای گرتووەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ دیمەنی ئەو شەڕە، تۆقێنەر و خوێناویتر دەبێ. ڕووسیا بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و هێلیکۆپتەر و هەموو جۆرە مووشەکێکی پێشکەوتووی دوورمەودا، ماڵوحاڵی خەڵکی سویل و بێتاوانی ئۆکراینا وێران دەکا و لە هیچ کردەوەیەکی سامناک و نامرۆڤانە دەست ناپارێزێ. شەڕ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی فێوریەی ٢٠٢٢دا، بە هێرشی ڕووسیا بۆ ناوخاکی ئۆکراینا دەستی پێکرد. ئامانجی ڕووسیا لەو هێرشەدا ئەوە بوو کە بەخێرایی شاری کییێف پێتەختی ئۆکراینا داگیر بکا و حکومەتێکی لایەنگری خۆی لەوێ دامەزرێنێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێستای ئۆکراینا بێنێ و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ.

هەرچەندە، لە ڕۆژەکانی سەرەتای هێرشەکەدا هێزی ڕووسیا زۆر بەخێرایی هەتا دەوروبەری کییێف، پێشڕەوییان کرد. وێلادیمێر پوتین سەرکۆماری ڕووسیا، داوای لە ئەرتەشی ئۆکراینا کرد کە بەدژی حکومەتی ئێستای ئۆکراینا کودتا بکەن و ئەو ڕێژیمە بڕوخێنن بەڵام ئەوەی کە ڕووسیا چاوەڕوانی دەکرد وا نەهاتەدی!

ئۆکراینایییەکان بە یەکگرتوویی و بەربەرەکانی و ئازایەتیی خۆیان لە بەرانبەر هێزی زەبەلاح و پۆشتەوپەرداخ و پڕچەکی ڕووسیادا ڕاوەستاون. ئامادەن گیان ببەخشن، بەڵام سەر بۆ سوپای داگیرکەر نەوی ناکەن. ماوەی چوار حەوتوویە، لە بەرانبەر یەکێک لە بەهێزترین و بەتواناترین ئەرتەشەکانی جیهاندا بەربەرەکانی دەکەن.

ئەوە جێگای ئاماژەیە، ئەو ڕاستییەیە کە ڕووسیا لێکدانەوەی دروستی لەسەر بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی و ئەرتەشی ئۆکراینا و خەڵکی ئەو وڵاتە نەبوو. وێلادیمێر پووتین سەرکۆماری ڕووسیا، لە سێپتامبری ٢٠١٥دا، لە سووریەدا دەستێوەردانی سەربازیی کرد و بەشار ئەسەد سەرۆکی ئەو وڵاتەی لە ڕووخان نەجات دا. زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ڕووسیا لە زەلکاوی شەڕی سووریەدا تێکدەشکێ بەڵام بەهاوکاری بەرەی مقاومەت، سوپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، توانی پێش بە دارمانی ڕێژیمی ئەسەد بگرێ. ڕووسیا تا ڕادەیەکی زۆر لە بواری سەربازیی و دیپلۆماسیدا لە سووریە مەیدانی شەڕی لە کۆنترۆڵدا بوو چونکە هەم ئەو ناوچەی ئەو شەڕی تێدا دەکرد ناچەیەکی چکۆلە و بەرتەسک بوو و هەم ئەو هێزانەی کە بە دژی سوپای ئەسەد و ڕووسیا شەڕیان دەکرد لە بواری سەربازی لاواز و کەمئەزموون بوون لەبەرانبەر سوپای ڕووسیادا سەرکەوتوو نەبوون.

شەڕی سووریە و مەیدانی شەڕەکەی بە قازانجی خۆی خستە دەست. لەو ماوەدا کە سوپای ڕووسیا توانی لە سووریە سەرکەوتوو بێ، پوتین هەموو ئەو دەسکەوتانەی بە هی خۆی و مودیریەت و بەڕێوەبەرایەتی ژیرانەی خۆی دەدزانی بەڵام بەپێچەوانەوە لە ئۆکراینا نەیتوانی ئەو سەرکەوتنە وەدەست بێنێ، کە بۆخۆی لە خەیاڵی خۆیدا نەخشە و پیلانی بۆ دارشتبوو.

بەربەرەکانێی سوپای ئۆکراینا و خۆڕاگریی خەڵکی ئۆکراینا هەموو خەونەکانی پووتینی پووچەڵ کردەوە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە نەبوو کە وێلادیمێر زلنسکی، سەرکۆماری ئۆکراینا لە مەیداندا بمێنێتەوە بەڵکوو پێیوابوو وەک ئەشرەف غەنی سەرۆکی ئەفغانستان لە مەیدان ڕادەکا بەڵام سەرۆکی ئۆکراینا، زلنسکی، هەر لەناو جەرگەی شەڕدا مایەوە و خەڵکی ئۆکراینای بەجێنەهێشت. ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی مارس، وێلادیمێر زلنسکی، سەرکۆماری ئۆکراینا، لە ئاخاوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا کە ڕاستەوخۆ لە کییێف پێتەختی ئۆکراینا بڵاو بوویەوە، ڕووی لە پارلەمانتار و یاسادانەرانی کۆنگرەی ئامریکا و سەرۆک بایدن کرد کە یارمەتی نیزامیی بە ئۆکراینا بکەن و گوشاری زیادتر بخەنە سەر ڕووسیا و گەمارۆ ئابوورییەکانیان زیادتر بکەن.

سەرۆک زلنسکی ڕوو لە توندڕەوەکانی هەردوو حیزبی کۆماری و دێموکرات و هەروەها لە جڤاکی کاپیتۆڵ کرد و گوتی: " وڵاتەکەمان لە تاریکترین کاتدایە، هەموو ئورووپا لە تاریکترین کاتدا و مەترسییەکی گەورەمان لەسەرە، داواتان لێدەکەم زۆرترمان کار بۆ بکەن." داوای لە کۆنگرە کرد کە بۆمبارانی پڕڵ هاربر کە بەهۆی ژاپۆنییەکان کرا و هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتامبری ٢٠١١ کە ئامریکاییەکان لە ئاسمانڕا کرانە ئامانج، بێننەوە بەر چاوی خۆتان. ئێستا وڵاتەکەی ئێمەش ئەوە زیاتر لە سێ حەوتوویە دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر وڵاتەکەمان شەووڕۆژ ئەو کارەسات و ترس و دڵڕاوکێیە تەحموول دەکا.

بەگشتی هێرشی ڕووسیا بۆ ئۆکراینا، قەیرانێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و مرۆڤی، خولڤاندووە کە هەموو جیهانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە. خەڵک بە نیگەرانییەوە دەڕواننە دوورەدیمەنی داهاتووی ئەو شەڕە خوێناوییە. کۆچی بەلێشاوی پەنابەرانی ئۆکراینا دەبیندرێن کە لە ترسی مووشەکباران و بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسی لە سنوورەکانی ئۆکراینا پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێی ئورووپایی دەبەن. کۆچی پەنابەران لە ئورووپا بۆتە قەیرانی مرۆڤی و هەتا ئێستا زیاتر لە ٣ میلیۆن کەس ئاوارە بوون کە بەشی هەرە زۆریان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەن. لە نێو شارەکاندا بە سەدان کەس لەبن داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکاندا ماونەتەوە یان کوژراون یان بریندارن. نەخۆشخانەکان پڕن لە بریندارێ سویل و ژن و منداڵ. لە ژێرزەوینەکاندا بەسەدان ژن و منداڵی و پیروپەککەوتە لەبەر نەبوونی دەرمان و ئاو و خواردەمەنی کەوتوونەتە تەنگانە. ڕووسیاش زۆر بەخەستی ناوشارەکانی موشەکباران دەکا. ڕووسیا کە لە هێرشی سەربازیدا سەرکەوتوو نەبووە ئێستا زۆر بێبەزەییانە خەڵکی سویل دەکاتە ئامانج و خانووەکانیان بەسەردا دەڕووخێنێ؛ بەدوو مەبەست: یەکەم ڕادەی تەلەفات و کوژراوەکان زۆر بکا، دووهەم بە ترساندن و تۆقاندن، خەڵکی سویل زراوبردوو دەکات بۆ ئەوە پیشێوی و ئاڵۆزی لە ناو خەڵکدا دروست بێ و خەڵک بەدژی حکومەتی ئۆکراینا ڕاپەڕن بەڵام بە بڕوای من یەکگرتوویی بەربەرکانێی خەڵکی ئۆکراینا بەدژی هێرشی سوپای ڕوس هەتا ئێستا زۆر پتەو و یەکڕیز بووە. ئەو هەڵوێست و یەکگرتوویی ئەوان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر یەکگرتوویی هەموو خەڵکی ئورووپاش داناوە.

ئەو حەرەکەتەی پوتین بووەتە هۆی ئەوەیکە نارەزایەتی بەدژی ڕووسیا پێکبێ و کۆدەنگییەکی جیهانی بە دژی ڕووسیا درووست بوو. بەتایبەت وڵاتانی ئورووپا هیچکات ئەوەندە یەکگرتوو نەبوون. تەنانەت لەو موشەکبارانە توندەدا سەرۆکوزیرانی سێ وڵاتی چێک، پۆڵۆنیا و ئیسلۆنی بە نوێنەرایەتی یەکیەتیی ئورووپا، بە سواری قەتار چوون بۆ شاری کییێف، پێتەختی ئۆکراینا و پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی ئۆکراینا دووپات کردەوە و چاویان بە وێلادیمێر زلنسکی سەرکۆماری ئۆکراینا کەوت. وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا و کانادا و ژاپۆن و زۆر وڵاتی دیکە گەمارۆی ئابووریی توندیان خستە سەر ڕووسیا. ئەو کۆدەنگی و یەکگرتوویییە بەهێزە کاریگەریی خراپیی لە سەر ئابووریی ڕووسیا داناوە. لەگەڵ ئەوەش پرسپێکتیوی هێرشی ڕووسیا، قەیرانی ئابووری لە هەموو جیهان دروست کردووە. نرخی سووتەمەنی، نەوت، گاز، بنزین زۆر گران بووە. نرخی شتوومەک و خواردەمەنی زۆر بەرز بووەتەوە. تەنانەت نرخی وزە لە بازاڕەکانی جیهانیدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەرگیز ئەوەندە بەرز نەبووەتەوە. لە چەند ڕۆژی سەرەتای شەڕدا نرخی بەرمیلێک نەوت هەتا ١٣٦ دۆلار ڕۆیشت. هەمووی ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی نیگەرانییەک کە لەسەر شانی خەڵکی ئورووپا قوورسایی دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئورووپا لە دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا چەق و ئێپیسەنتەری شەڕەکان بووە، ئێستاش بەو ئەزموونەی کە لە ڕابردوودا هەیانبووە زۆر دەترسن کە جارێکی دیکەش بکەونە ناو شەڕێکی وێرانکەر و نیوەی ئورووپا بەخۆیەوە بسووتێنێ .

ڕووسیا دوای هێرش بۆ ئۆکراینا، هێزەکانی کەتووەتە ناو بارودۆخێکی خراپ و تووشی شەڕێکی خوێناویی بووە و خەساری گیانی و ماڵیی قوورس وە هێزەکانی کەوتووە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕووبەرووی گەمارۆی قوورسی ئابووریی بووەتەوە و هەوڵ دەدا بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی ڕۆژاوا، لە هەموو ڕێگاچارەیەک کەڵک وەربگرێ.

کرێملین ویستی بەربەست بخاتە سەر ڕێگای زیندووکردنەوەی بەرجام، وەک کارتی گوشار بۆ سەر ڕۆژاوا و کەڵکی لێوەربگرێ. کۆمەڵێک مەرجی خستە ڕوو کە قبووڵکردنیان لەلایەنی دانووستانکارانی ڤییەن، لە ئێستادا پڕ ئاستەمە. ئەوەش وایکردووە کە لە ئێستادا ڕەوتی بوژاندنەوەی بەرجام جارێکی دیکە چەقبەستوو بێت. لەگەڵ هەموو ئەوانە، لەژێر سێبەر و تارمایی هێرشی ڕووسیا بۆ ئۆکراینا، تاران خۆی لە بەرەی ڕووسییەدا دەبێنی و لە دانووستانەکانی ڤییەن کشاوەتەوە. تەنانەت زۆربەی کاربەدەستانی باڵای ئێران بەڕاشکاوی دەڵێن: «ئێمە دەبێ ببینە خاوەنی چەکی ئەتۆم. دەوڵەتی ئۆکراینا دوای هەڵوەشانی سۆڤییەت لە جیهاندا خاوەنی سێهەمین هێزی ئەتۆمیی بوو، ئەگەر ساڵی ١٩٩٤لە چەک دانەماڵدرابا و هەروا خاوەنی چەکی ئەتۆمی ماباوە، ڕووسیا نەیدەتوانی ئاوا بەئاسانی هێرشیان بکاتە سەر.»

لەڕاستیدا، ئێران لە ڕێککەوتنەکانی ڤییەندا کات بەفیڕۆ دەدا و هەر ڕۆژەو بیانوویەک دێنێتەوە و داواکاری نوێ دێنێتە ناو باسەکان. شەڕی ئۆکراینا هەم لە ئورووپا و هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک گرێکوێرە و کێشەی مەترسیداری خوڵقاندووە کە چارەسەریان وەها ئاسان نییە. ڕووسیا ئامانجی ئەوە نییە شەڕ ڕابگرێ بەڵکوو زیاتر مەبەستی کات کوشتنە. هەروەها بە مەرجێک شەڕ ڕادەگرێ کە لاواز بێ و گوشارە ئابوورییەکان بڕستی لێ ببڕن کە ئەوەش لە ئێستادا بڕێک ئاستەمە. هەرچەند دەنگۆیەک هەیە، کە لە داهاتوودا سەرۆکی هەردووک وڵاتی ڕووس و ئۆکراینا ڕاستەوخۆ پێکەوە دابنیشن.

# مووشەکەکانی تاران پێگەی سیاسیی هەولێر بەهێزتر دەکەن

**محەممەد سلێمانی**

ڕێژیمی ئێران بە مووشەکبارانکردنی هەولێر، قەیرانە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی بۆ قەرەبوو ناکرێتەوە و بەو کردەوانەیان زیاتر خەڵکی کوردستان یەکهەڵوێست دەبێت لەهەمبەر ڕێژیمی ئاخوندیدا؛ هەروەها گەلی کورد بە گوشاری تاران دەس لە خواست و سیاسەتی ڕەوان و سەربەخۆی سیاسی و ڕزگاریی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان هەڵنا گرێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ جارێکی تر لە ڕێکەوتی ١٣ی مارسدا هێرشی مووشەکی بۆ سەر هەولێر ئەنجام دا و شوێنی ژیان و ماڵی هاووڵاتیان کرایە ئامانج.

حکوومەتی ئێران بێ گوێدانە ڕێسا و نەریتە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان، بە ئارەزووی خۆی لە سەر ئاستی ناوچەییدا دەستی بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی کردووە و وەک خۆی دەڵێ مووشەکەکانیان بە باشی ئامانجەکانی پێکاوە و سیخوڕە ئیسرائیلییەکانیان کردۆتە ئامانج و لەناویان بردوون.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و سەربازی نێوەبەنێوە مووشەکبارانی سەر هەولێر دەکات و هەرجارەش هۆکاری بێبنەما و بێنێوەرۆك بۆ هێرشە مووشەکییەکانی دەهێنێتەوە و ئەو جارەش بە دوور لە بیانووهێنانەوە نەبووە و بەداخەوە تاران بۆتە مەترسی لە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بۆ لەباربردن و لەنێوبردنی ئەو کیانە سیاسی و نیشتمانییە کار دەکات .

سپای پاسداران، باڵی دەستڕۆیشتوو و تیرۆریستی حکوومەتی ئاخوندی تاران بە فەرمی ڕایگەیاند کە مووشەکەکانیان ئاراستەی پێگە و نفووزی ئیسرائیل لە هەولێر کردووە و بە قسەی ئەوان زیانی باشیان بە نەیارەکانیان لە هەرێمی کوردستان گەیاندووە و ڕێگا بە دژبەرانیان نادەن لە نزیك سەر سنوورەکانیان، هەڕەشە لەسەر حکوومەتی ئێران دروست بکەن، بێگومان سیاسەتی فراوانخوازی ڕێژیمی ئاخوندی دەبێتە بەڵای سەریان و زۆر نابات دەبێ بارگەوبنەیان لە وڵات باربکەن.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەو شوێنانەی ئەوجار کراونەتە ئامانجی هێرشی مووشەکی ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران، جگە لە زیانگەیاندن بە جێگا و ماڵ و ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان، شتێکی تر نەبووە و تاران هەوڵ دەدات بەو ڕێگایەدا ئاسایشی سیاسی و ئارامی کوردستان بشێوێنێ و ئەو پەیامەش بە سەرکردایەتی سیاسی کورد بدات، ئەگەر بەگوێیان نەکەن، هێرشەکانیان زیاتر و بەرەو ئامانجی گەورتر ئەبێت لە داهاتوودا.

تاران لە ئێستادا بۆ دوو مەبەستی ئەساسی هێرشی مووشەکی دەکاتە سەر ناوەندی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و دەیانهەوێت لەو ڕێگایەوە هێزەکانی باشوور و بەدیاریکراویش براوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پابەند بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆتلە شیعەکانی سەر بە ئێران بکەن و ئاسەوارێك لە سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی و دیپلۆماسی کورد نەهێڵن و بەوجۆرە لە بەرچاوی دۆست و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانیان بخەن، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر خۆیان بەسەردا فەرز بکەن و بیانکەنە پاشکۆی ڕێژیمی تاران. هەرێمی کوردستان هەرچەندە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کەوتۆتە ژێر گوشار و لە هەموو لایەکەوە بە ئامانجی هێرش و پیلانگێڕی ئەگرن، بەڵام بەجۆرێك سیاسەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن کە وێڕای پاراستنی بەتەواوی سەربەخۆی سیاسی، خۆیان لە کێشە و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان بەدوور گرتووە و ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان و گەلی کورد گرینگی تایبەتی هەیە، بەهێزکردنی کیانی سیاسی و بنەبڕکردنی گیروگرفتەکانی خەڵك و سەقامگیری سیاسی کوردستانە و هەر لەوکاتەشدا پەرە بە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئەمریکا دەدەن و کارێك ناکەن سیاسەتی خۆیان بە ئاراستەی تاران بگۆڕن و کوردیش هەرگیز پیلانگێڕی و دژمنایەتی حکوومەتی ئێرانی لە بیر ناچێت کە بۆ لەباربردنی ئەنجامی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەرحەق بە کورد کردیان و بەشێکی گرینگ بوون لە هێرش و ئاژاوەگێڕییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر.

سیاسەتی فراوانخوازی تاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هێز و نفووزیان بەتەواوی بەسەر کەشوهەوای سیاسی و سەربازی ئەو وڵاتەدا فەرز بکەن و شەقامی بەغدا و هەولێر بەدژی هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا و پاشان لە هەستی ئایینی خەڵکی کوردستان بەدژی گوایە هەبوونی پێگەی ئیسرائیل لە کوردستان کەڵکی خراپ و نەشیاو وەربگرن و کۆمەڵگای کوردستان بەگژ یەکدا بکەن و لە ئاوی لێڵ ماسی خۆیان بگرن و شەقامی کوردستان بە قازانجی خۆیان بجووڵێنن.

بەخۆشییەوە ئەو هەستە بەرزە سیاسی و نەتەوەییە لە باشوور بەدی دەکرێت کە سەرباری گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ئەویش بەهۆی پیلانگێڕی و دوژمنایەتی تاران و بەغدا و ئانکارا بەسەر گەلی کورددا هاتووە، هەر وەك ڕابردوو و بە هەوێنی ڕاپەڕینی کوردستان، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بۆ پاراستنی دەسکەوت و بەها نەتەوەییەکان تێدەکۆشن و کەلێن بە نەیارانی کورد نادەن، ئەزموونی خەباتی لەمێژساڵەیان لە دەست بچێت کە ئامانجی تارانە.

بێگومان ڕێژیمی ئاخوندی زۆر دەمێکە بۆ تێکدان و لەباربردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان بەچڕی هەوڵە تێکدەر و ئاژاوەگێڕییەکانیان دەسپێکردووە و ئەگەر دوور نەڕوین تاران دەیهەوێت لەڕێگای هەرێمی کوردستانەوە دژایەتی ئەمریکا و وڵاتانی تری ڕۆژاوایی بکرێت و لە کوردستان دوور بخرێنەوە و خۆیان ببنە دەمڕاستی بڕیارەکان.

سەرکەوتن و بەهێزبوون و ئاسایشیی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان بەدڵنیاییەوە بەستراوەتەوە بە لاوازبوونی پێگەی تاران لە نێو عێراقدا و بەهێزبوونی پێگە و نفووزی ئەمریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر ئاستی ناوچەیی و بەدیاریکراویش عێراقدا، بەر لە هەر نەتەوەیەك بە قازانجی گەلی کوردە لە باشووری کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیش ئەو ڕاستییە بە باشی دەرك دەکەن. هێرشی مووشەکی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییشدا دەنگدانەوەی فراوانی بەدوای خۆیدا هێنا و بەگشتی ئیدانەی سیاسەتی دەستتێوەردانی تاران لە نێو وڵاتانی دراوسێ و پێشێلکردن و ژێرپێنانی یاسا گشتگیرە نێونەتەوەییەکان کرایەوە و بۆ جارێکی تر سیاسەتی شەڕانگێزی تاران پەردەی لە سەر لادرایەوە و هەتا حکوومەتی تاران لەنێو نەبردرێت، ئاستەمە گێتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت .

ئەزموونی ئەو چوار دەیە لە سەر سیاسەتی کەڵاوەکێشی تاران ئەو ڕاستییەی بۆ گشت لایەك سەلماندووە کە حکوومەتی ئاخوندی لە خەیاڵیدا نییە ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕەفتار و کردەوەکانیدا بێنێ و بەردەوام هەوڵی داوە بەتەواوی کۆنترۆڵی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات و لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە باشتر هەژموونی بەسەر وڵاتانی دەوروبەریدا بسەلمێنێت.

نێتانیاهۆش لەو پەیوەندییەدا بە توندی ئیدانەی سیاسەتی بانێك و دووهەوای سەرکۆماری ئەمریکا لە هەمبەر ئێراندا کرد و دەڵێت لەکاتێکدا ڕێژیمی ئاژاوەگێڕی ئێران هێرشی مووشەکی کردۆتەسەر کۆنسولخانەی وڵاتەکەی لە هەولێر، کەچی بایدن لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندی ئێران هەوڵی پێکگەیشتن و هەوڵی ڕێککەوتن دەدات و لە جیاتی هەوسارکردنی تاران، خەریکە دەرفەتی هەستانەوەی پێدەدەنەوە.

بایدەن سیاسەتێك پەیرەو دەکات کە زیانی گەورە بە پێگەو باڵادەستی ئەمریکا دەگەیەنێ و ستراتیژییەك بەڕێوە دەبات کە بنەمای لەسەر ڕوانینی خاوی ئۆبای لەهەمبەر تاراندا دامەزراوە و بە سیاسەت و هەڵوێستی ڕەق نەبێت حکوومەتی ئاخوندی ڕاستەڕێ نابێ و لە سەر پێش و سیاسەتی ئاژاوەگێڕی بەردەوام دەبێت و ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕەفتارەکانیدا ناهێنێ.

بێنیامین نێتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیسرائیل و نەیاری سەرسەختی ڕێژیمی تاران سەبارەت بە هێرشی مووشەکی سپای پاسدارانی ئێران، یان ڕوونتر بڵێین باڵی سەربازی و تیرۆیستی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ سەر خەڵکی ئاسایی هەولێر مەحکووم کرد و هەر لەوکاتەشدا هێرش بۆسەر پێگە و بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە هەرێمی کوردستان لەقەڵەمدا و پێیوایە کۆشکی سپی دەبوو هەڵوێستی دیارتری لەهەمبەر سەرەڕۆییەکانی ئاخوندەکانی ئێراندا گرتبایەتە بەر و بەتەنیا ئیدانەکردنێك، ئێران لە سەر پیلانگێڕییەکانی لە سەر ئاستی ناوچەییدا خاو ناکاتەوە.

سپای تێرۆریستی پاسداران بە ئاشکرا هێرش دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوبەشەکانی لەسەر ئاستی ناوچەییدا و سەرکۆماری ئەمریکاش لەجیاتی هەڵوێستی جیددی بەدژی تاران، بەردەوام هەوڵ دەدا لەگەڵ ئاخوندەکانی تاران ڕێککەوتن بکات و زیاتر دەستی تاران لە سنووربەزاندنەکانی ئاواڵە بکات.

دیارە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی تاران دادەڕێژرێ و ئامانجی بنەڕەتی واشنگتۆن هەوسارکردن و لاوازکردنی زیاتری ئێرانە و ئەگەر تاران بە مەرجەکانی بەرجامیش پابەندبێت، بەومانایە نییە کە ئەو دەرفەتەیان پێ بدرێت بەردەوام بن لەسەر سیاسەتی کەڵاوەکێشی و چاوسوورکردنەوە لە نەیارەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانیان و ڕێگای دەستڕاگەیشتن بەچەکی ناوکیان پێ بدرێت.

سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیسرائیل، سەبارەت بە هێرشی مووشەکی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر «هەولێر»ی پێتەختی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئیدانەکردنی ئەو هێرشە تیرۆریستییەی تاران بۆ سەر خەڵکی کوردستان گوتی: تاران بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر کۆنسولخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، کەچی ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکانی دیکەی گێتی بەردەوامن لەسەر سیاسەتی سازان لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی و لادانی گەمارۆکانی سەر دەسەڵاتی ئاخوندی.

نیتانیاهۆ پێیوایە ڕێککەوتن سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی لەگەڵ تاران جگە لە بارگرژی و دەرفەتی هەستانەوە بە ڕێژیمی ئێران، سوود بە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی ناگەیەنێت بەڵکوو تاران زیاتر هێزی خۆی بەسەر هەرێمەکەدا ئەسەپێنێت و لەڕووی سەربازی و بەرگرییەوە زیاتر خۆی تەیار دەکات و ئەوکات شکانی ڕێژیمی ئێران بۆ نەیارەکانی ئاستەمتر دەبێت.

ئەمریکا بە ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران جگە لە بێ ئیعتباربوونی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی، بەتەواوی متمانەی هاوپەیمانە ناوچەییەکانی لە دەست دەدات بە ڕێگای سازان لەگەڵ ئێران و بە سەرەتای قۆناخی داکشانی سیاسەتی هەندەرانی کۆشکی سپی دادەنرێت.

ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندی، بێگومان دەرفەت بەتاران دەدات سیاسەتی شەڕانگێزی خۆی بەرچاوتر لە جاران بەڕێوە بەرێت و بەربڵاوتر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکانی بگرێت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەشدا بەگشتی.

# نەورۆز؛ مێژوو و لێکەوتەکانی



**هادی عەزیزی**

نەورۆز وەکوو چەمک، خواستی بۆ سەردەمانی دێرین دەگەڕێتەوە کە ئەم نەورۆزەی کە لە ئێستادا لەلای گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست وەکوو جەژن پەیڕەو دەکرێت، وەکوو کۆتێزێکی مێژوویی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەرهاتووە کە بە کورتی شرۆڤەی دەکەین:

وشەی نەورۆز لە وشەی کۆنی کوردی پاڵەوانی «نوکرۆچ» وەرگیراوە کە لە زۆر شوێن بە «ناڤەکارۆچ»یش هاتووە، کە زیاتر وەکوو فەلەکناسی خۆی وێنا دەکات و باسی ڕێکەوتێک لە گۆی زەوی دەکات کە ڕۆژ دەگاتەوە ئاستێکی بەرز و ڕۆژگار بەرەو درێژبوونەوە دەڕوا.

نەورۆز وەکوو ژیانەوە و مژدەی ژیان و مژدەی ئازادیش وێنا کراوە کە دەکرێت بڵێین بە هۆی کۆنبوونی بۆنەکە لە دێرزەمانەوە هەموو بۆنەکانی لەخۆ گرتووە. کۆنترین شرۆڤە کە بۆ نەورۆز دەکرێت بریتییە لە هاوسەرینی «دۆمووز»ی خواوەندی ڕووەک لەگەڵ «ئینانا» خواژنی باوەڕمەندییە. لە هەندێک شوێن بە لەدایکبوونی «میترا» لە ناو گووڵی «نیلووپەڕ» ناوی هاتووە.

لە ناو کوردانی ئێزدیدا وەکووساڵی نوێی دوای «چارشەمما سۆر» کە دەکەوێتە مانگی نیسانەوە ناو براوە کە لە ئایینی ئێزدیدا گریمانەی ڕاستییەکان زیاترن، ئەویش لە بەر ئەوەیکە سەرەتای ژیان لە ناو سۆمەری و تۆفانەکەی نوح تەنیا لە ئایینی کوردانی ئێزدیدا وەکوو ڕووداوی سرووشتی لە کوردستانی کۆندا باس کراوە.

لە بەر ئەو هۆکارەی کە ئەو ڕۆژژمێرەی ئێستا کورد و ئەو گەلانەی کاری پێدەکەن هەمان ڕۆژژمێری جەلالییە کە لەلایەن «عومەری خەیام» و «عەبدولکەریم ئەلخازەنی» و «موزەفەر ئەلئەسفزازی» داندراوە کە دواتر نەورۆزنامەشی وەکوو دیاری بە شوێن خۆیدا هێناوە، لە ڕووی فەلەکناسییەوە هەندێک کێشەی هەیە کە بەتایبەتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی خولەفای ڕاشدین و ئومەوی لە بەرچاو نەگیراوە، هەر چەند ڕۆژژمێرەکە بە ۳٦٥ ڕۆژ تەواو بووە، بەڵام وەکوو جێگیرکردنی ڕێکەوتەکە ڕێکوپێک نییە.

ئێمەی کورد وەکوو ڕەسەنترین نەتەوەی نێوان دوو ڕووبار کە زۆرینەی بەسەرهاتەکانی مرۆڤایەتی تێیدا ڕووی داوە، دەبێ زیاتر پشت بە دێرینەناسی و مەکتەبی مێژوونووسانی یۆنانی ببەستین و خۆمان لە ڕێچکەی مێژوونووسانی دوای هاتنی ئیسلام ببوێرین کە ئەگەر سەرنج بدەین بەهۆی شەڕی ئایینی ئەوان لەگەڵ کورد و لە حەقیقەتدا شەڕی ئایینی ئاسمانی لەگەڵ ئایینی زەوینی کە کورد خاوەنی ئایینی خۆزایی و زەوینی بووە، هەمیشە هەوڵیان داوە کورد بە وەهم و جندۆکە و خراپەوە ببەستنەوە کە ئەم ڕوانینە تەنانەت لە نووسراوەکانی کوردیش هەتا «شەرەفخان» ڕەنگی داوەتەوە.

لە مێژووی کوردستاندا ساڵی ٦١٢ی پێش زایین کە هاوکاتە لەگەڵ سەرکەوتنی ماد بە سەر ئاشووریدا وەکوو نەورۆز بە ناو کراوە کە دەشێت ئەمەش درووست بێ، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە ئێمەی کورد پێویستمان بە ڕۆژژمێری کوردی و ساڵنامەی کوردی هەیە، باشترین و جوانترین ڕێکەوت، ساڵی دامەزراندنی «دەوڵەتی ماد» یا «مێدی»یە هەتا وەکوو هەموو گەلانی ناوچە و جیهان بۆنەیەکی تایبەتی خۆمان وەکوو خاڵێکی بەهێزی مێژوویی هەبێ هەتا ڕۆژژمێری کوردی لە سەر ڕاست بکەینەوە، ڕەنگە بۆ زۆر کەس پرسیار درووست بێت کە کورد پێش مادەکانیش هەبووە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە دانانی ڕۆژژمێر و ساڵنامەیە کە ئێمە پێویستمان بە ڕووداوێکی گەورەی مێژووییە. ئێمە گەر سەرنجی دوای مێژووی مادەکان بکەین دەبینین کورد لە ڕووخانی مادەوە هەتا کەوتنی ساسانی و دوای ئیسلامیش هەر لە پرشوبڵاویدا ماوەتەوە.

نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامیشدا وەکوو بۆنە ڕەنگی داوەتەوە و لەلایەن هەندێک لە خەلیفەکانەوە دانپێندراوە و لەلایەن هەندێکیشەوە قەدەخە کراوە. ئەلبەلازەری دەڵێت کوردەکان مەرجی پیرۆزڕاگرتنی نەورۆزیان دانابوو هەتا بیهێڵن سەرکردەکانی سپای ئیسلام ڕوو لە کوردستان بکەن، کوردەکانی «بلاسجان» و «سەبەلان» و «ساتروودان» لەو کوردانە بوون. لە سەردەمی ڕاشدیندا لە لایەن خەلیفەی دووهەمەوە قەدەخە کراوە بەڵام لە سەردەمی خەلیفەکانی دواتردا هێشتوویانە خەڵک جەژن بگرن و لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیشدا بە وەرگرتنی باج و خەراج هێشتوویانە خەڵک یادەکە بکەنەوە.

نەورۆز لە سەردەمی عەباسییەکان تەنانەت لە شاری بەخداش پیرۆز کراوە و لە سەردەمی فاتمییەکان لە میسریش یادی کراوەتەوە و دانەیەکیان وەکوو میری نەورۆز بە جلی سوورەوە لە سەر گوێدرێژێک بە ناو خەڵکدا دەگەڕاند کە خەڵک خەڵاتی دەدایە و هەر کەس خەڵاتی نەورۆزانەی پێنەدابا، میر ئاوی پێدا دەکرد.

کاوە و زوحاک و چوارشەمەی سوور و درۆ و دەلەسەی فیردەوسی باوکی زمانی فارس...

لە پێشدا لە سەر چوارشەمەی سوور دەدوێین کە لە ئێستادا وەکوو دوایین چوارشەمەی ساڵ لە مانگی ڕەشەمەدا خەڵک بە ئاگرکردنەوە یادی دەکەنەوە و هەندێک کەسیش بە هەڵە لە ژێر هۆژموونی چەواشەکاری فارسدا وەکوو کوشتنی زەهاک بە دەستی کاوەی دەبینن.

کۆنترین مێژوو یان ئایینێک کە باسی چوارشەمەی سوور تێیدا کرابێ، ئایینی کوردانی ئێزدییە کە ڕێکەوتەکەی دەکەوێتە مانگی دووهەمی بەهارەوە و وەکوو سەرەتای ژیان و تەقینەوەی گۆیەک وەکوو هێلکە باسی دەکرێت کە بە وردی لە پێشەکی مسحەفارەش و جیلوە لێی دواوە، لەو مانگەدا کوردانی ئێزدی زەوی ناکێڵن و ژن و ژنخوازیش ناکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە گوڵان جوانترین بووکی ساڵە. لە ڕووی ماتریاڵی وشەکەشەوە وشەی سوور و شەم لە ناو کورددا واتای ڕاستەقینەی خۆی لە ژینگە و سرووشتی کوردەوە وەردەگرێت. شکاندنی هێلکە وەکوو نەریت لەو ڕۆژەدا بۆ باوەڕی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە کە فارس و کۆچەری دەشتەکی لێی بێبەرین.

بۆ زوحاک و کاوە ڕەنگە فیردەوسی دوایین کەسێک بێت باسی کردبێت کە وەکوو هۆنەر و هەڵبەستوان ناوەرۆکی داستانەکانی لە پێش خۆی و بە تایبەتی خوداینامەگ وەرگرتووە. هەتا پێش هاتنی ئیسلام، شا و بەگ و بەغ و کەی و کەیخوا و کوێخا هەموو حوکمی خوداوەند و خاوەند و خاوەنی هەبوو، کەچی دواتر هەمووی گۆڕا و وشەی شا جێی ئەوانی گرتەوە. خوانامەگ کە هەتا سەردەمی ساسانی بەردەوام بوو لە ڕۆژگاری ئەوڕۆش بە کوردی خوارین یان کەڵووڕی واتای خۆی هەیە.

لە سەر کاوە و زوحاک ئەگەر بێتوو ئێمەی کورد لێی بدوێین دەبێ بە ڕوانگەی باوەڕەکانی کورد لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامەوە باسی بکەین. چونکە ڕوانگەی مێژوونووسانی دوای ئیسلام قەوەی بە لێکدانەوەی دوونادوونی ڕۆحی مێژوویی کورد ناشکێت. کاتی خۆی شاملووی فارس لە بێکەسی نەتەوەی کورددا خۆی لە کورد کردووە بە کوێخا و «زوحاک»ی کردووە بە «ئاشتیاگ» و «کاوە»شی وەکوو «ئارپاکۆ» ناساندووە کە بەداخەوە هەندێک کوردی دەستەمۆی وێژەی فارسی داگیرکەریش بە هەمان ڕێڕەودا کەوتوونەتە شوێپاندن. لە مێژووی کورددا هاوشێوەی ئەم چیرۆکە بە دەیان ڕووداوی مێژووییمان هەیە کە وەک دوونادوون لە مێژوودا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو داستانانە وەکوو ئەفسانە یان ڕووداو لە سەردەمی خواوەندەکانی «میتانی» و «هۆری»یەوە دەست پێدەکات و تا سەردەمی جامەکەی حەسەنلووی چۆمی گادەر دێت و دواتر تەنانەت لە «شێخ مەند» و «شێخ ڕەشی» ئایینی ئێزدیشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە هەقیقەتدا بنەڕەتی ئەم داستانە بریتییە لە شەڕی شێر و مانگا کە شێر واتای هەتاو یان خۆر دەدات و مانگاش ڕۆڵی پانتایی زەوی دەگێڕێت.

ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات بە گریمانەی زۆر لە چیرۆکی شەڕی کوردانی ماننایی وەرگیراوە کە باس لە شەڕێکی ناوخۆیی کوردان دەکا کە هیچ پەیوەندی بە فارسەوە نییە، لەم شەڕەدا کوردانی ماننایی پاشایەکی کۆیلەی خۆیان کە خۆی بە ئاشوور فرۆشتووە دەکوژن. لەلایەکی دیکەوە جوگرافیای هەڵبەستەکانی ناو شانامە زۆرینەی پەیوەستە بە خاکی کوردستانەوە و ۱۳۰ ساڵ پێش «فێردەوسی ئەبووحەنیفەی دینەوەری» لە «ئەخباروتەوال»دا باسی کردووە. لەلایەکی دیکەوە باسی مار لە مێژوودا بریتییە لە هێز و دەسەڵات و تەنانەت لە ناو زانستی پزیشکیشدا ڕەنگی داوەتەوە و چونکە لە ناو کورددا مار وەکوو پیرۆزییەکی ناو بەلەمەکەی نوح سەیر دەکرێت، هەر بۆیە شۆڤێنیستەکانی نێو عەرەب و فارس دەیانهەوێ بە شێوەیەکی وەهماوی لێیبدەن هەتا پاشایەتی کوردی ماد لە بەر چاوی نەتەوەی کورد بخەن.

نەورۆزی هەموو کورد پیرۆز بێت.

## وێستگە

# ژنان و ئەرکی نەتەوەیی



**نووسین: هێمۆ**

زۆرجار باس لە ڕۆڵ و ئەرکەکانی ژنان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە کوردستاندا کراوە و بە هەزاران جار وتراوە کە ژنان چۆن توانیویانە هاوتەریب لەگەڵ خەبات بۆ دابینکردنی مافی مرۆیی خۆیان وەکوو ژن و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دابونەریتی چەقبەستووی کۆمەڵگا و بیری پیاوسالاری، لە خەباتی نەتەوایەتیشدا ڕۆڵی کارا و ئەرێنی بگێڕن و دیرۆکی کوردیش پڕە لە نموونەی جۆراوجۆری لەو چەشنە کە ژنانی پێشەنگ تێیدا هێز و توانا و لێهاتوویی خۆیان سەلماندووە.

دیارە بەپێی هەلومەرج و کەشی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا شێوەکانی خەبات و تێکۆشانیش گۆڕانیان بە سەردا دێت و پێویستە کە بەپێی پێویستیی کۆمەڵگا و بەپێی دۆخی حاکم بەنیسبەت پرسەکان چالاکی بکرێت، ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی لێوە دەکرێت ئەو بەستێنەی ئەمڕۆیە کە ژنان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە، دەتوانن هەنگاوەکانیان لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆ هاوئاهەنگ بکەن و بێگومان دەتوانن سەرکەوتنی باش و بەرچاویش مسۆگەر بکەن.

ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان ڕەنگوبۆنێکی دیکەی هەبوو یان بەپێی چوارچێوە و عورفی کۆمەڵگا پێناسەی تایبەتی بۆ دەکرا، ئەمڕۆ ئەو پێناسە باوە مانای خۆی لە دەست داوە و چیدیکە ژنان لە بەندی ئەو چەشنە پێناسانەدا نەماون.

ژنان لە ئێستادا لێوڕێژن لە سەرکەشییەکی ژنانە کە بێگومان لە ئامانجەکانیشیان نزیکتریان دەکاتەوە.

ئەم سەرکەشییە ئەتوانێ هۆکارگەلێکی زۆری هەبێ وەک بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتوویی ژنان، یان بەربڵاوبوونەوەی بازنەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پێگەیەکی ئەگەر نەڵێین سەداسەد باش بەڵام تا ڕادەیەک گونجاو بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئاگایی زیاتر بە نیسبەت پرسەکانی خۆیان و دەیان هۆکاری دیکە.

لەڕاستیدا هەلومەرجی ژیانی ئەمڕۆی ژنان بەنیسبەت ڕابردوو گۆڕانێکی ئەرێنیی بەخۆیەوە بینیوە بۆیە ئەوانیش بەپێی ئەم دۆخە ڕێڕەوی خەباتەکە و هەنگاوەکانی خۆیان گۆڕیوە و ئەگەر پێشتر چالاکییەکانیان تەنیا یان لانیکەم لە ئاستی لابردنی حیجابدا بوو ئەمڕۆ داخوازییەکانیان زۆر گەورەتر و بەبایەخترن، هەڵبەت ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەشێکی بەرچاو لە ژنانی کورد بە درێژایی مێژووی ئەم نەتەوەیە تێکەڵی خەباتی ڕزگاریخوازی بوون و ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و نەتەوەییان بەڕێوە بردووە.

باسمان لە دەرفەتەکان کرد، بۆیە پێویستە ئاماژە بە دەرفەتە نوێیەکانی دنیای ئەمڕۆ بۆ خۆسەلماندنەوەی دووبارەی ژنان بکەین، یەکێک لەو دەرفەتانە کە وەکوو دەرفەتێکی زێڕین و پڕبایەخ دەبێ چاوی لێ بکرێت، ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە نەورۆزن کە ماوەی چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوە دەچن، لای هەموومان ئاشکرایە کە چۆن نەورۆز وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بووەتە بەستێنێک بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی کوردانە و سەلماندنەوەی دووبارەی ناسنامەیەک کە لەمێژە داگیرکەرهەوڵی سڕینەوەی دەدات بەڵام گرینگتر لەمە، ڕۆڵێکە کە ژنان لەم ڕێوڕەسمانەدا دەیگێڕن!

ئەگەر لە ساڵانی پێشووتردا ژنان هەمیشە بە ترس و دڵەڕاوکێیەوە لە پرس و بۆنە گرینگەکاندا بەشدارییان دەکرد و زۆرجاریش خۆیان لەو بەشداریکردنە دەبوارد، ئەوە بەپێچەوانە چەند ساڵێکە کە بەشێوازێکی زۆر ئەکتیف و دەکرێ بوترێ بوێرانەش خۆیان بە ئەرکدار دەزانن تاکوو لەم ڕێوڕەسمانەدا بەشدار بن.

پەرەسەندنی بیر و هزری نەتەوایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵگا بە گشتی ئەو دوو فاکتەرە گرینگەن کە لەمبارەوە ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە و ژنانیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگای کوردستان دوور نین لەم ڕاستییە.

سەرنجدانێکی نە زۆر وردی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەری دەخات کە ژنان ئێستا نەک وەک بینەر بەڵکوو وەکوو لیدەر و ڕێنیشاندەر لەم ڕێوڕەسمانەدا بەشدارن، ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە هێما نەتەوەییەکان هەوڵ دەدەن شوناسی خۆیان زیندوو ڕابگرن و بێگومان مانەوەی ئەم دیمەنانە لە مێشکی تاکی کورددا دەتوانێ لە ساڵانی دواییشدا کارتێکەری ئەرێنیی لە سەر ئەم پرسە هەبێت.

هەرچەند داگیرکەر زۆر هەوڵی داوە تاکوو پێش بەم یەکگرتوویی و مافخوازییە بگرێت و بە دوورکردنەوەی ژنان لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا تێکۆشاوە لە ژیان و ڕاستییەکانی غافڵیان بکات و ڕۆڵیان کاڵ بکاتەوە بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ژنان توانیویانە بە پێناسەکردەوەی دووبارەی خۆیان لە گۆڕەپانی شار و گوندەکانی کوردستاندا و بە پیشاندانی هێما نەتەوەییەکان ببنە چقڵی چاوی دوژمنان کە بێگومان ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەکوو گوتارێکی نوێ بۆ خەباتی ڕۆژهەڵات کارتێکەری زۆری لە سەر ئەم بابەتە هەبووە.

ژنان لە بەستێنی ئەمڕۆی خەباتدا پەیامێکی گرینگیان پێیە، ئەویش پەیامی تێکۆشانی نەتەوەیی و ئەرکی نەتەوەییە کە لە سەر شانی هەموانە، نەورۆز و بۆنەکانی دیکە تەنیا بیانوون بۆ ئەوەی کە جارێکی دیکە و لە دەرفەتێکی باش و بەرچاودا بوون و شوناسی خۆیان بسەلمێننەوە، هەر بۆیە خۆیان بە ئەرکداری ئەم خەباتە دەزانن و وشیارانە لە پێناو مان و مەوجوودیەتی خۆیان و نەتەوەکەیاندا تێدەکۆشن.

## خوێنەرانی هێژای «کوردستان»، بەپێی نەریتی ساڵانەی ڕۆژنامەکەمان، «کوردستان»
## لە دوازمارەی خۆی بۆ ساڵی بەردەم و وەک پێشوازی لە ساڵی نوێی کوردی، پانۆڕامای گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی پێشوو
## لە ڕاپۆرتەهەواڵێکی تایبەتدا دەخاتە بەر چاوی ئێوەی ئازیز؛ ئەوەی بەردەستان پانۆڕامای سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی واتە ٢٧٢١ی کوردییە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩دا بەبۆنەی نەورۆزی کوردەواری پەیامێکی بڵاو کردەوە. لە بەشێکی ئەم پەیامەدا هاتبوو: با هەمووومان ئەمساڵ فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕین، بکەینە چرای ڕێگای ژیان و خەباتمان و بە تێکۆشان و گیانبازیی زیاتر، یەکڕیز و یەکگرتوو تا ڕووخاندنی ڕێژیم و بنیاتنانی داهاتوویەکی دوور لە ئازار و ستەم و چەوسانەوە بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو، لە سەنگەری خەباتدا پتەو ڕاوەستین و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ئازادیخوازانە، شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران یەک جار بۆ هەمیشە کۆتایی بە مۆتەکەی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و کاولکەری کۆماری ئیسلامی بێنین.

سەرەڕای ئەوەی کە دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم لە شار و گوندەکانی کوردستان بە بەستنی ڕێگا و هەڕەشە لە لاوان و خەڵکی کوردستان هەوڵیان دا پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز بگرن بەڵام سەدان کەس خۆیان گەیاندە شوێنێ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان و ئاگری نەورۆزیان هەڵ کرد.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزب، ئەندامانی ناوەندیی سیاسی و دەستەی کارگێڕی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا. کە لە بەشێکیدا هاتبوو: وەک ساڵانی ڕابردوو پێداگری لەسەر لێکنزیکبوونەوەی حیزبە خەباتکارەکان و سەریەکخستنی هێز و توانا و دەرفەتەکان دەکەینەوە. بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتێکی بەهێز و شوێندانەر، پێداگری لەسەر بەردەوام بوونی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەکەینەوە وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی. پەیوەست بوونی پۆل پۆل کوڕ و کچی بە بیروباوەڕ و شۆڕشگێڕ بۆ ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ٩٩دا، هێز و تینی زیاتری بە خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نیشتمان بەخشیوە. هەر بۆیە ڕایدەگەیێنین بە هیوا و بەهێزتر لە ڕابردوو، سەنگەری ڕۆژهەڵات بۆ بەرگری لە ئازادی ئاوەدانترە.

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕایگەیاند کە هێزی پێشمەرگەی شار، هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆزی کوردەواری، هاوشان لەگەڵ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان نەورۆزیان پیرۆز کرد و یەکدەنگ و یەکگرتوو بە تایبەت لە شنۆ، ئاودانانی ئیلام، بانە و «نییەر»ی هەمیشە دێموکرات، پەیمانی وەفاداری و درێژەدان بە خەباتیان لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات نوێ کردەوە.

لە ٣ی خاکەلێوەدا ناوەندی هاوکاری بەنیسبەت ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز پەیامێکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: بەبۆنەی خۆڕاگری و پاراستنی یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی گەل، دەستخۆشی لە ورەی پۆڵایینتان دەکەین و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەشتان لێ دەکەین و پەیمانتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە یەکدەنگی و یەکگرتوویيتان بکەینە چرای پیشاندەری ڕێگای خۆمان و هەموو هێز و وزەی خۆمان بۆ پاراستنی یەکیەتی وهاوخەباتی بخەینە گەڕ، بە مەبەستی سەرکەوتنی یەکجاری و گەیشتنی گەلی کورد بە مافەکانی.

٣ی خاکەلێوە: لەلایەن دەزگا سیخورییەکانی ڕۆژاواوە وردەکاریی نهێنی لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران ئاشکرا کرا. دوایین ڕاپۆرتی بەرپرسانی دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕۆژاوا دەریخست کە ڕێژیمی ئێران کەرەستەکانی پۆمپاژ، سانتیریفیوژ و کەرەستەی پیتاندنی ئۆرانیۆم کە بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت لە پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی شاردووەتەوە.

٥ی خاکەلێوە: دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە ژیانی خەڵک گەیشتووەتە ئاستێک کە جێگری وەزارەتی بێهداشتی ڕێژیمی ئێران بەناوی ئیسلاحی پێکهاتەی حەشیمەتەوە ڕایگەیاند کە هەر ژنێک لە ئێراندا دەبێ ٤ منداڵی ببێت. «عەلی خامنەیی» ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، لە خاکەلێوەی ساڵی ٩٨دا جەختی لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی بۆ چوونەسەرەوەی حەشیمەت لە بەرانبەر سیاسەتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کردبوو، ئەمە لەحاڵێکدایە کە دۆخی ئابووریی خەڵک زۆر نالەبارە و هیچ خۆشبژێوییەک نییە تا خەڵک بیانهەوێت منداڵیان ببێت و دەرەقەتی تێچووەکانی ژیان نایەن.

٦ی خاکەلێوە: کاناڵی ١٢ی ئیسرائیل لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە کەشتییەکی ئیسرائیلی لە دەریای عەمان کراوەتە ئامانجی هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی ئێران. هەروەها نزیکەی مانگێک پێشتریش لە ڕووداوێکی گوماناویدا، کەشتییەکی بارهەڵگری ئیسرائیلی لە نزیک دەریای عەمان کرایە ئامانج. بەرپرسانی ئیسرائیلی، ڕێژیمی ئێران بە بکەری ئەو هێرشە دەزانن، بەڵام ڕێژیمی ئێران ئەو قسەیەی بەرپرسانی ئیسرائیلیان ڕەت کردەوە.

٧ی خاکەلێوە: وەزیرانی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران و چین گرێبەستی هاوکاریی هەمەلایەنیان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە تاران واژۆ کرد. ناوەرۆکی ئەو گرێبەستە بوارەکانی وەک ستراتیژیی سیاسی، ئابووری، بازرگانی و گواستنەوە و تەنانەت ئەمنییەتی لەخۆ دەگرێت. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کاردانەوەیەکی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکەوتەوە. بەپێی ئەم گرێبەستە ڕێژیمی ئێران بە شێوەی فەرمی پشکێکی زۆر لە بواری نەوت، گاز، پێترۆشیمی، هاتوچۆ و کەلوپەلە نیزامییەکان لە ئێران بە ماوەی ٢٥ ساڵ ڕادەستی چین دەکات.

لات و چەقۆکێشەکانی ڕێژیم لە سەیرانگای «کێوەڕەش»ی بۆکان هێرشیان کردە سەر هاووڵاتییان و بە قەمە و چەقۆ ٤ لاویان بریندار کرد، ئەمە دوابەدوای ئەوە هاتە ئاراوە کە ڕێژیمی ئێران لە پێشگرتن بە بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆز شکستی خوارد و یەکگرتوویی و یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان لە بەڕێوەبردنی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە هەموو شارەکانی کوردستان و پاراستنی ئەو شوناسە نەتەوەییە، بووە هۆکار تا ڕێژیم هێرش بکاتە سەر خەڵک.

٦ی خاکەلێوە: ژمارەیەک لە بەرپرسانی سپای پاسداران لەوانە، «محەممەد تەقی ئۆسانلوو» فەرماندەی قەرارگای «حەمزە» و «حەبیب شەهسەواری» فەرماندەی سپای «شۆهەدا»ی ورمێ؛ لە شاری پیرانشار گوشاریان خستە سەر خەڵک و داوایان لێکردن دژی گەلەکەیان چەک هەڵگرن. داوایان لە کۆنەجاشەکانیش کردبوو کە دەبێ چەک هەڵگرن و دەبێ خەڵکیش چەکدار بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیم داوای چەکداربوونی لە خەڵکی گوندی «دێلزێ»ێ کردبوو بەڵام وەک هەمیشە لەلایەن خەڵکەوە وڵامی ڕەتیان پێدرایەوە.

١٠ی خاکەلێوە: جاش و خۆفرۆشەکانی ڕێژیمی ئێران بە بیانووی بوونی پێشمەرگەی کوردستان ڕژانە نێو گوند و ناوچەکانی شاری شنۆ و لەنێو خەڵکدا مانۆڕیان بەڕێوە برد. بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران لە گوندی «دێشەمس» خەڵکیان ئازار دابوو و گوشاریان بۆ هێنابوو کە ئەگەر پێشمەرگەیان بینی دەبێ ڕاپۆرتیان لێ بدەن.

١١ی خاکەلێوە؛ وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە لەبارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند کە «بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەتەنیا بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕۆڵیان هەبووە، بەڵکوو بە پشتیوانیکردن لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد و میلیشیاکان لە عێراق و حوسییەکانی یەمەن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان لەو وڵاتانە پەرە پێداوە» لەم ڕاپۆرتەدا هەروەها ئێعدامی مێرمنداڵان و هەوڵی مەئمورانی ڕێژیم بۆ ئەشکەنجە و ئازاری خەڵک ئاماژەی پێ کرابوو.

١١ی خاکەلێوە: گووگڵ کاناڵی فەرمیی پرێس تیڤی لە یووتیووب داخست. گووگڵ هۆکارەکەی «پێشێلکردنی بەردەوامی یاسا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پرێس تیڤییەوە ڕاگەیاند. بەپێی ڕاپۆرتی پرێس تیڤی، ئەوە حەوتەمین جارە کە گووگڵ حسێبەکانی پرێس تیڤی دادەخات.

١٢ی خاکەلێوە: «حوسێن شەریعەتمەداری» بەرپرسی ڕۆژنامەی «کەیهان» سەر بە خامنەیی سەبارەت بە گرێبەستی هاوکاریی ٢٥ ساڵەی ئێران و چین وتی: «ئەو کەسانەی سەبارەت بەو گرێبەستە دژایەتی پیشان دەدەن بێ گومان ئەگەر شێت و نەفام نەبن؛ خائینن». گرێبەستی ٢٥ ساڵەی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ وڵاتی چین سەرەوەتر لە هەرچەشنە گرێبەست و پەیماننامەیەکە و ڕێژیمی ئێران بە شێوەی فەرمی خەریکی فرۆشتنی «تەمامییەتی ئەرزی»ی ئێرانە.

١٣ی خاکەلێوە: ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە ئێران پیتاندنی ئورانیۆم بە سانتریفیوژی پێشکەوتووی پەرە پێ داوە و لە نوێترین هەوڵی خۆی لە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ناوکی، لە چوارەمین ئابشار لە سانتریفیوژەکانی نەسڵی «ئای ئار ٢ ئێم» کەڵک وەردەگرێت. ئەم نەسڵە لە سانتریفیوژەکانی پێشکەوتوو ئەگەری پیتاندنی ئورانیۆم هەتا سەرەوەی ٥ لەسەد تەیار دەکەن. لە حاڵێکدا کە بەپێی ڕێککەوتنی بەرجام پیتاندنی ئورانیۆم بۆ ئێران هەتا ئاستی ٣ پۆینت ٦٧ لەسەد دیاری کراوە.

١٤ی خاکەلێوە: لە گەڕەکی «حەمەڵاوای سەرەوە» لە شاری سەقز، شوێنەوار و ئاسەواری زۆر دێرین و مێژوویی دۆزرایەوە. لەم شوێنەدا دیواری کۆن و گۆڕستان دۆزراونەتەوە و جگە لە کۆمەڵێک ئاسەوار، مۆمیایی ژن و پیاوێک لە تەنیشت یەکتر دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان بۆ زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ پێش دەگەڕێتەوە. بە بیانووی ئەوەی لە سەقز مۆزەخانە نییە، ڕێژیم وتوویەتی کە ئەم ئاسەوارانە دەبەنە مۆزەخانەی شاری سنە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەدان جار شتی وا ڕووی داوە و ئاسەوارێکی وا ڕادەستی مۆزەخانەی سنە نەکراوە.

١٤ی خاکەلێوە: کاربەدەستانی ڕێژیم لە شاری بۆکان، گوشاریان خستە سەر خەڵک و دووکانداران کە ناوی کوردیی سەر تابلۆکان بسڕنەوە و ناوی فارسی دابنێن. ئەوان بەنیسبەت ئەو ناوانەی کە بۆ خەڵکی کورد هێمان وەک: «کۆبانی، پێشەوا، کوردستان، ئاڵا، بێستوون و شاهۆ و...»، دژایەتییان دەربڕی و هەڕەشەی داخستنی دووکانەکانیان لە ئەگەری نەگۆڕینی ناوەکانیان لە خەڵک کرد.

١٥ی خاکەلێوە: لە دوای بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە و سەردانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ سەر گڵکۆی شەهیدان، گڵکۆی شەهید «عەبدوڵڵا گوڵە» شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە گۆڕستانی «شەبەک» لە گوندی «خورخورە» سەر بە «شارویرانی مەهاباد» لەلایەن سپای تیرۆریستی پاسدارانەوە بێڕێزیی پێ کرا.

١٦ی خاکەلێوە: «محەموود سادقی» نوێنەری پێشووی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران لە وتوویژێکدا وتی کە «عەلی شەمخانی» سەرۆکی شورای باڵای ئەمنییەتی ڕێژیمی ئێران لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا وتوویەتی کە دەبێ تەقە لە خەڵک بکرێت. بەڵام دەبیرخانەی شورای باڵای ئەمنییەتی میللیی ڕێژمیی ئێران لە کاردانەوەیەکدا قسەکانی «مەحموود سادقی»ی بە ناڕاست و بێبنەما ناو برد و بە دەرکردنی بیاننامەیەک ویستی قسەکانی «سادقی» بە درۆ بخاتەوە.

١٦ی خاکەلێوە: ڕێژیمی ئێران لە ترسی ناڕەزایەتییە پەنگخواردووەکانی خەڵک و تۆقانی لە خرۆشانی خەڵک زیاتر لە جاران شارەکانی کوردستانی مێلیتاریزە کرد. زانیارییەکان باسیان لەوە دەکرد کە لەسەرەتای ساڵی نوێوە ڕێژیم کیووسکی نیزامیی خۆی هێناوەتە سەر شەقامەکان. هێزەکانی ڕێژیم لە بۆکان جیا لەوەی کە هێزەکانی خۆیان بە نێوشاردا بڵاوە پێکردبوو چەند کەسیشیان ڕاسپاردبوو کە لەنێو کیووسکەکانەوە چاوەدێری بەسەر خەڵکدا بکەن.

ڕۆژی دووشەممە ١٦ی خاکەلێوە یەکێک لە مۆرەکانی سپای پاسداران بە ناوی سەرهەنگ «مورتەزا ئەمین پوور» لەژێر پردی «کۆسە»ی بۆکان کوژرا. ناوبراو خەڵکی «سایین قەڵا» بوو و لە بنکەی ئەسڵیی سپا لە جادەی بەنداو کاری دەکرد. ناوبراو لە ئەزیەت و ئازاری خەڵکدا دەستی هەبووە و زانیارییەکان باسیان لەوە دەکرد کە کوژرانی ئەو ئەندامەی سپا بەهۆی کێشەی نێوان کاربەدەستانی ڕێژیم لەگەڵ فەرمانداریی بۆکان بووە. هەندێک سەرچاوەی نافەرمیش باسیان لەوە دەکرد کە خۆی کوشتووە.

١٨ی خاکەلێوە: سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بە ئاماژەدان بە نۆژەنکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی هێزە جیهانییەکان لەگەڵ ئێران، ناسراو بە بەرجام و ئەگەری چوونەسەرەوەی دەستپێڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە چەکی ناوکی وتی کە ڕێککەوتنێک کە هەڕەشەیەک بۆ لەنێوچوونی ئێمە بێت ملکەچمان ناکات.

١٩ی خاکەلێوە: «محەممەد میرزابەیگی» سەرۆکی گشتیی ڕێکخراوی نیزامی پەرستاری ڕایگەیاند بەپێی ئامارەکان کۆچکردنی پەرستارەکان بەنیسبەت ساڵەکانی پێشترەوە هەڵکشاوە و بە شێوەی نێونجی مانگانە ١٠٠ پەرستار کۆچ دەکەن. لەو ماوەیەدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا جیهانی گرتە بەر، پەرستارەکان لە ئێران خراپترین دۆخیان بردەسەر، چونکە بە شێوەی پێویست کەرەستەی پێویستیان بۆ پاراستنی خۆیان لەو ڤایرۆسە نەبوو، هەروەها جیا لەوەش مووچە و حەقدەستەکانیان بە دواکەوتنەوە پێ دەدرا.

ناوەندی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێ لوقمان مێهفەر ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزب کە پاش مانگێک بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی کۆڕۆنا، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو: ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی ئەوپەڕی داخ و پەژارەی خۆی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی هاوڕێی شەهیدمان کاک لوقمان مێهفەر، هەموو خزم و دۆست و ئاشنایان، ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب و گشت لایەنگران، ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی دەکا و داوای سەبوری بۆ هەموو خەمهەڵگرتووەکانی ئەم خەسارە تازەیە دەکا.

٢١ی خاکەلێوە: بڕیار بووە لە ناوچەی «کەڵاتەرزان» لە گوندی «دادانەی کەمانگەر» دانیشتنێک لەلایەن لاوانی ئەو ناوچەیە دژ بە مادە سڕکەرەکان و پەرەسەندنی ئەو مادانە بەڕێوە بچێت کە لەلایەن ڕێژیمەوە پێشی پێگیراوە. بڕیار بووە لەو دانیشتنەدا ڕێز لە کەسێکی گوندی «دادانەی کەمانگەر» بگیردرێت کە وازی لە مادە سڕکەرەکان هێناوە. هەر لەسەرەتای بەیانییەوە کە سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم لەو دانیشتنە ئاگادار بوونەتەوە ناوچەکەیان بە هێزێکی زۆر تەنیوە و پێشیان بە بەڕێوەچوونی ئەو دانیشتنە گرتووە.

٢٢ی خاکەلێوە: لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی و هەیئەتی هەندێک لە لایەنە سیاسییەکانی دیکە و نوێنەری دامودەزگا حکومەتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی شەهید «لوقمان مێهفەر» بەڕێوە چوو. لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەنیسبەت کەسایەتیی بەرزی شەهید «لوقمان مێهفەر» وتی: «کاک لوقمان کادرێکی لێوەشاوەی ڕێبەریی حیزب بوو کە لە تەمەنی لاوییەتیدا پەیوەست بوو بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بوارەکانی جۆراوجۆری خەبات لەو حیزبەی تاقی کردنەوە و لە پێشمەرگایەتی و لە بەڕێوەبەری و ئەندامەتیی ڕێبەرایەتی ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک نا. دواتر جێگری یەکەمی لێپرسراو و بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نوێنەرایەتیی ناوەندی سیاسی و ڕێبەریی حیزب وتی: «لەدەستدانی شەهید لوقمان مێهفەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا زامێکی قووڵی نوێیە لەسەر جەستەی حیزبەکەمان و خەسارێکی بەرچاوە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دواتر «قادر مێهفەر» کوڕی شەهید لوقمان، بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی مێهفەر ڕایگەیاند، وەک چۆن باوکیان هەتا سەر پێشمەرگەیەکی وەفادار بە ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکەی بووە و لەو ڕێگەیەدا گیانی لەدەست داوە، ئەوانیش درێژەدەری ڕێبازەکەی دەبن. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا تاجە گوڵینەی ڕێزلێنان لەلایەن «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزب و «قادر مێهفەر» کوڕی شەهید «لوقمان مێهفەر»ەوە لەسەر گڵکۆی شەهید لوقمان دانرا.

٢٤ی خاکەلێوە: یەکیەتیی ئورووپا ٨ بەرپرس و ٣ دامەزراوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەهۆی ئەوەی کە لە سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی ناڕازی لە خۆپیشاندانەکانی ٩٨دا ڕۆڵیان هەبووە، تەحریم کرد. «سەعید خەتیب زادە» وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران وتی: «وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاردانەوە بەو هەوڵەی یەکیەتیی ئورووپا، وتوویژە هەمەلایەنەکان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و هەموو هاوکارییەکان هەڵدەپەسێرێت».

٢٤ی خاکەلێوە: ڕۆژنامەی «ئوتروپ» کە بە یەکەم ڕۆژنامەی کولتووری و پڕخوێنەر لە وڵاتی نۆرویژ دەناسرێت و خاوەنی نزیکەی ٣٠ هەزار لایەنگرە لە فەیسبوک، وتارێکی لەسەر نەورۆزی کوردەواری و مانای نەورۆز و شێوازی بەڕێوەبردنی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە. لە درێژەدا بە کەڵکوەرگرتن لە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ماڵپەڕی فەرمیی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات وەک سەرچاوە، ئاماژەی بەوە دا کە نەورۆزی ئەوساڵ جیاوازتر لە ساڵەکانی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگ و بۆنێکی دیکەی هەبووە، ئەویش بە هۆکاری چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەندین شار و ناوچەی کوردستان بووە. ڕۆژنامەی «ڕادیکاڵ پۆرتاڵ»ی نۆرویژیش ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر نەورۆز و چالاکیی پێشمەرگە لە نەورۆز لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتەکە بە چەند وێنەیەک لە هەڵکردنی ئاگری نەوروز و کچانی جامانە بەسەر ڕازێندرابووەوە و لە کۆتاییشدا فیلمی چالاکیی پێشمەرگە بە ڕاپۆرتەکەوە لکێندرابوو. بڵاوبوونەوەی ئەو دوو بابەتە لە میدیای نۆرویژیدا بوو بە جێگای سەرنج و باس و خواسی خوێنەرانی نۆرویژی و پاڵپشتیی ئەوان لە خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات.

٢٥ی خاکەلێوە : چەند میدیایەکی ڕێژیمی ئێران هەواڵی «هێرشکردنە سەر بنکەیەکی هەواڵگریی ئیسرائیل لە باکووری عێراق»یان بڵاو کردەوە. دوابەدوای ئەمە وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەنگۆی ئەم هێرشکردنەی ڕەت کردەوە. «جووتیار عادڵ»، لەو بارەوە ڕایگەیاند: «ئەو هەواڵە سەرلەبەری دوورە لە ڕاستییەوە، هەر وەک چۆن لە ڕابردووشدا چەندین جار ئەو جۆرە تۆمەتانەیان ئاراستە کردووین بەوەی بنکەیەکی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل لە کوردستانە، ئێمە پێمان وایە ئەو هەواڵ و تۆمەتە بێ بنەمایانە مەبەستدارە و تەنیا ئامانجیان پیلانگێڕییە بەرامبەر بە هەرێمەکەمان».

٢٥ی خاکەلێوە: بەرپرسێکی ڕێژیم دانی بە تاوانباریی «مەلا حەسەنی»دا نا. «حەمیدڕەزا جەلایی پوور» فەرمانداری پێشووی مەهاباد لە وتوویژێکدا باسی لەوە کرد کە تیرۆری دوکتور قاسملوو کارێکە جێی داکۆکیکردن نییە و حاشای لێ ناکرێت، ئەو لەسەر مێزی وتوویژ تیرۆر کرا و کارێکی ناجوامێرانە بوو هەر وەک ڕووداوی قەتڵە زنجیرەییەکان لە ئێران. ناوبراو لە دانپێدانانێکدا باسی لەوە کرد کە هێزەکانی ڕێژیم کە مەلا حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ فەرماندەریان بوو، تاوانیان دەخولقاند و هەر لەخۆڕا تەقەیان لە خەڵکی ئاسایی دەکرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی خاکەلێوە هەنگی سنووریی ڕێژیم لە سیستان و بەلووچستان ڕایگەیاند کە دوو کەس لە هێزەکانی بە ناوەکانی ئوستوار یەکەم «ئەبولفەزل هاشمی» و ئوستوار یەکەم «محەممەد نەسیری» کوژراون. لەو ڕاگەیەندراوەدا ئاماژەیەک بە چۆنیەتی و هۆکاری کوژرانی ئەو دوو کەسە نەکرا، بەڵام ڕێکخراوی «جەیشولعەدل» بەرپرسیاریەتیی ئەو هێرشەی لەئەستۆ گرت.

وێبلاگی هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاوی کردەوە کە هەڵۆکانی زاگرۆس بکوژی شەهید «ڕەحیم گەرگوولی»یان سزا داوە. ئەو وێبلاگە بڵاوی کردەوە لەو عەمەلیاتەدا «عوسمان حاجی حوسێنی» سەرەڕای ٢٠ ساڵ جاشیەتی و گەلفرۆشی لە تازەترین تاوانیدا شانازیی دەکرد کە لەپێناو بەرماوی داگیرکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەل و نیشتمانەکەیدا دەستی بەخوێنی پێشمەرگەی دێموکرات سوور بووە. هەڵۆکانی زاگرۆس پۆلی قەندیل ڕایانگەیاند کە ئێوارەی ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێوە لە نێوان گوندەکانی «زێوە و کاسوورەدێ»دا، «عوسمانی حاجی حوسێنی»یان بە سزای تاوانەکانی گەیاندووە.

٢٨ی خاکەلێوە: لە ماوەی ٨ دەیەی ڕابردوودا لە دەیەی ٩٠ شتومەکەکان لە بازاڕی ئێران و کوردستاندا بەرزترین نرخیان تۆمار کردووە. نێونجی نرخی شتومەکەکان لە دەیەی ٩٠دا نزیکەی ٩ بەرابەر زیادی کردووە و ئەو ئامارە پیشان دەدات لە دەیەی ٩٠دا بەهای دراو زۆرترین دابەزینی هەبووە.

٢٨ی خاکەلێوە:وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران حەوتوویەک دوای تەقینەوە لە

دامەزراوەی ناوکیی نەتەنز، کەسێکی ٤٣ ساڵە بە ناوی ‹‹ڕەزا کەریمی› خەڵکی کاشانی وەکوو هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕووداوە ناساند و باسی لەوە کرد کە ئەو کەسە لە ئێران هەڵاتووە.

هەڵۆکانی زاگرۆس پۆلی سوێناسی دێرین شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ی خاکەلێوە سزای تاوانبارێکیان دا. لەو سزایەدا تاوانبار «محەممەد سوێناسی» کەوتە بەر پەلامارێک و دوایین هۆشداریی پێ درا. لەو هۆشدارییەدا بەهۆی دەستڕێژێکی هەڵۆکانەوە ماشینی ناوبراو گولـلەئاژن کرا و نامەیەکی هەڵگری فیشەکی سزای بۆ خرایە ماڵەوە.

**٢ی بانەمەڕ:** لە شاری مەریوان لەنێوان حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیمی ئێران و هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران شەڕ و دەرگیری هاتە ئاراوە کە لە ئاکامدا دوو جاش کوژران. شوناسی ئەو دوو جاشەی ئەندامی سپا ، «عوسمان جیهانی» و «ناسر ئەمینی» ڕاگەیەندرا. قەرارگای حەمزەی «سەیدولشوهەدا» لە ڕاگەیەندراوێکدا کوژرانی ئەو دوو جاشەی ئەندامی سپای پشتڕاست کردەوە، بەڵام هیچ یەک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران ئەم دەرگیرییەیان وە ئەستۆ نەگرت.

کۆبوونەوەیەکی ساڵانە لە پێوەندی بە گۆڕانکاریی کەش و هەوای جیهان بە بەشداریی ڕێبەرانی جیهان بەڕێوە چوو. ئەو دانیشتنە بە بەشداریی ٤٠ وڵاتی جیهان لەوانە چین، ژاپۆن، هیند، کانادا، کۆرەی باشوور، عەرەبستانی سعوودی و تورکیە بە شێوەی ئانلاین لە ڕۆژانی ٢ هەتا ٣ی بانەمەڕ بە مەبەستی ڕێگاچارە لە پێوەندی بە ئاڵوگۆڕی کەش وهەوا بەڕێوە چوو کە بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوودا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ بەشداریکردن بانگهێشت نەکرابوو.

**٣ی بانەمەڕ:** «ڕووحوڵڵا جومعەیی» ڕاوێژکاری وەزیری نێوخۆی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاند کە ٢٣ لەسەدی کوژراوانی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ لە مەودایەکی نزیکەوە بە گولـلە لە سەریان دراوە. هەواڵدەریی «ڕۆیتێرز» لە ڕاپۆرتی خۆیدا بەنیسبەت ئاماری کوژراوانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی، ئاماژەی بە کوژرانی ١٥٠٠ خۆپیشاندەر کردبوو کە لەو ئامارە ١٣٠ کەسیان خەڵکی شاری «ماهشەهر»ی خووزستانن کە بە شێوەی ڕاستەخۆ لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە درابوونە بەر دەسڕێژی گولـلە.

**٤ی بانەمەڕ:** ڕێژیمی ئێران لە گۆڕستانی ‹‹خاوەران›› لە باشووری تاران ١٠ گۆڕی نوێی هەڵقەند. بەهاییەکان هەڕەشەیان لێکرابوو کە دەبێ کەسانی نزیکی خۆیان لەو شوێنانە بە خاک بسپێرن. بنەماڵەی ئێعدامکراوان و چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن، ڕێژیمی ئێران لە هەوڵی سڕینەوەی شوێنەواری کوشتارە بەکۆمەڵەکانە. ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە فەرمانی خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ هەزاران زیندانیی سیاسی بە شێوەی شاراوە ئێعدام کران و ئێستا ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات شوێنەواری جینایەتەکانی بسڕێتەوە.

**٧ی بانەمەڕ:** دامەزراوەیەکی ئەمنییەتیی ئاڵمان بڵاوی کردەوە ئێران لە ساڵی ٢٠٢٠دا بە دوای پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژەوە بووە و بۆ دروستکردنی ئەو چەکە و دەستپێڕاگەیشتن بە زانیاریی پێویست پێوەندی بە شیرکەتی تێکنۆلۆژیی ئاڵمانیەوە گرتووە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، ڕێژیمی سووریە، کۆرەی باشوور و پاکستان ڕوویان لە چالاکیی وەکوو پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژ کردووە.

**٧ی بانەمەڕ:** پۆلیسی ئەمنییەتیی سوئید «سێپۆ» لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠٢٠، سێ وڵاتی ڕووسیە، چین و ئێرانی وەک چالاکترین هەڕەشەی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی لە سوئید ناساند. لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٠ی ئەو ناوەندەدا ، ئێران، ڕووسیە و چین، وەک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەمنییەتی سوئد ناسێندران و ناوی ئێران ١٤ جار وەکوو هەڕەشە لەو ڕاپۆرتەدا نووسراوە.

**٧ی بانەمەڕ:** بەپێی هەندێ وێنەی بڵاوکراو، دارەکانی دارستانی گوندی «شنۆزەنگ» لە شاری پیرانشار لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تالان کران. لە سەر ڕێگەی ماشینی گواستنەوەی ئەو دارانەدا هیچ خاڵێکی پشکنین نەبووە و بە ئاسانی قاچاخ کراون.

**٨ی بانەمەڕ:** ڕاوێژکارانی تەناهیی نەتەوەیی ئامریکا و ئیسرائیل لە دانیشتنیکدا لە واشنتۆن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بە مەبەستی هەڕەشەی درۆن و مووشەکەکانی ڕێژیمی ئێران کۆمیتەیەکی هاوبەش پێک بێنن.

**٨ی بانەمەڕ:** کۆمیسۆنی وێکخستنی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی بودجەی ١٤٠٠دا، بودجەی ڕێکخراوی بەسیجی دوو بەرابەر کردەوە. بودجەی ڕێکخراوی بەسیج لە ٢ هەزار و ١٢١ میلیارد تمەنەوە بۆ ٤ هەزار و ١٦٧ میلیارد تمەن زیاد کرا کە ئەمە بە مانای گەشەیەکی ٩٦ لەسەدیە . شورای سیاسەتگوزاریی ئەئیمەی جومعە، زانکۆی ئیمام حوسێن و بەهێزکردنی ژێرخانی بەرگری - ئینتزامی›› ئەو بەشانەی دیکە بوون کە لەو ئاڵوگۆڕەدا بودجەکەیان دوو بەرانبەر کرا. هەزار و ٥٠٠ میلیارد تمەنیش بۆ چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دەنگوڕەنگی ڕێژیم تەرخان کرا، لە حاڵێکدا بودجەکەیان لە پەسەندکراوی یەکەمی مەجلیسدا سفر بووە.

**٩ی بانەمەڕ:** دادستانەکانی ئامریکا شیرکەتی ئاڵمانیی ‹‹ئێس ئێی پی›› (SAP)یان بەهۆی ئەوەیکە بەرهەمەکانی خۆی بە شێوەی نایاسایی بۆ ئێران هەناردە کردووە، بە پێدانی ٨ ملیۆن دۆلار سزا دا.

**١٠ی بانەمەڕ:** فێدراسیۆنی جیهانیی جۆدۆ، بەهۆی ئەوەیکە ئێران ڕێگەی نەداوە ورزشوانەکانی لەگەڵ ڕکابەری ئیسرائیلی کێبڕکێ بکەن، ئەو وڵاتەی بۆ چوار ساڵ لە بەشداریکردن لە کێبڕکێیەکان بێبەش کرد.

**ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ،** «لوقمان ئەحمەدی» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئورووپا لە کۆبوونەوەیەکی گرووپی کوردیی سۆسیالیست ئینترناسیۆنال بەشداریی کرد و وتارێکی لەسەر بارودۆخی نێوخۆی ئێران، ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە و خەبات و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد.

**١٢ی بانەمەڕ:** لە گەڕەکی « داسەیران»ـی شاری «مەریوان» سەلەفییەکان هێرشیان کردە سەر خەڵکی مەدەنی و هەڕەشەی کوشتنیان لە خەڵک کرد. بەپێی زانیارییەکان لەو هێرشەدا دوو کەس بریندار بوون . دوای ئەو هێرشە هێزەکانی سپای پاسداران لەو شوێنە جێگیر بوون و هاتوچۆیان لە گەڕەکی «داسەیران» قەدەغە کرد.

**١٥ی بانەمەڕ:** دادگای پێداچوونەوەی ئانترۆپ لە بلژیک حوکمی ‹‹ئەسەدوڵلا ئەسەدی››، دیپلۆمات تێرۆریستی ڕێژیمی ئێرانی کە بە تۆمەتی هەوڵی تێرۆریستی بە ٢٠ ساڵ زیندان محکووم کرابوو، پشتڕاست کردەوە. دادگای ››ئانترۆپ›› ناوبراوی کە وەک دیپلۆمات لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن کاری دەکرد بە دانانی پلان بۆ ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی و دانانەوەی بۆمب لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە پاریس، لە ساڵی ٩٧ی هەتاوی، تاوانبار کرد و دواتر لەلایەن ئەو دادگایەوە بە ٢٠ ساڵ زیندانی حوکم درا.
دادگای باڵای دانمارک ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی بانەمەڕ، حوکمی ٧ ساڵ زیندانیی بۆ کەسێکی نۆروێژی کە بە ڕەگەز ئێرانییە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران و پلاندانڕشتن بۆ تێرۆری چالاکێکی عەرەبی ئەحوازی، پشتڕاست کردەوە. شوناسی تۆمەتباری ئەو دۆسیەیە ‹‹محەممەد داوودزادە لولوئی››ە کە بە ٧ ساڵ زیندانی و دەرکردن لە خاکی دانمارک مەحکووم کراوە.

**١٧ی بانەمەڕ:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و بە تایبەت کوردستان کرد کە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شورای شار و دێیەکان تەحریم بکەن و بە بەشداری نەکردنی خۆیان و چۆڵ ڕاگرتنی سندووقەکانی دەنگدان، ئەم هەڵبژاردنە بکەنە ڕێفراندۆمی دەنگی «نا» بە کۆماری ئیسلامی و هەموو جنایەت و گەندەڵییەکانی. لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەیاندا هاتبوو: لە ڕوانگەی ئێمەوە تەنیا دەنگنەدانی تاکەکان بەس نییە، بەڵکوو هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەبێ ببێتە تریبۆنی «نا» بۆ هەڵبژاردن و هەموو لایەک وێکڕا، بکەوینە خۆ بۆ تەحریمی چالاکی هەڵبژاردنەکانی ئەو دەورەیەی کۆماری ئیسلامی و بە تەواوی پووچەڵبوونی ڕەوایی ڕێژیم بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بکەین و بسەلمێنین.

**٢١ی بانەمەڕ:** ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور گەلاڵەی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران بۆ قەدەغەکردنی هاتوچۆی هەواڵنێرانی ئامریکایی و بریتانیایی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ڕاگەیاندنە ڕۆژاواییەکانی مەحکووم کرد و داوای کرد لە بڕیارەکەیان پاشگەز ببنەوە.

**٢١ی بانەمەڕ:** سەلەفییە جیهادییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستیان بە هەڕەشەکردن لە خەڵک و بێڕێزی بە هێماکانی نەتەوەی کورد کرد و بە پشتیوانیی قەرارگای «بەقیەتوڵڵا»ی سپای پاسداران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواڵی چەواشە و زۆر جاریش توندوتیژیان بڵاو دەکردەوە. ئامانجی سپای پاسداران لەو کارە دروستکردنی ئاڵۆزی و شەڕ لەنێو خەڵکدا بوو کە نارەزایەتیی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوانی لێکەوتەوە.

ڕاپۆرتێکی ئەمنییەتیی ئاژانسی ئیتلاعاتی بێرلین کە ڕۆژی سێشەممە ٢١ی بانەمەڕ، بڵاو بووەوە، پیشانی دا کە ڕێژەی مەئموورانی ئیتلاعاتی و لایەنگرانی توندڕۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و گرووپە توندئاژۆکانی سەر بەو ڕێژیمە وەکوو حیزبوڵڵا، حەماس و ئیخوانولموسلمین لە بێرلین پەرەی سەندووە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ژمارەی مەئموورانی ئیتلاعاتی ئێران لە ساڵی ٢٠١٩ـەوە هەتا ساڵی ٢٠٢٠، لە ٤٠ کەسەوە گەیشتووەتە ٥٠ کەس. حیزبوڵڵای لوبنانیش کە گرووپێکی سەر بە ڕێژیمی ئێرانە و چالاکییەکانی لە ئاڵمان قەدەغە کراوە، ٢٥٠ ئەندامی لە ساڵەکانی ٢٠١٩ هەتا ٢٠٢٠ لە شاری بێرلین هەبووە. گرووپی حەماسیش کە لە باریکەی غەزە جێگیرە و لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پیشتیوانی دەکرێت، ژمارەی لایەنگرانی لەو ماوەیەدا لە ٧٠ کەسەوە گەیشتووەتە ٨٠ کەس و هەروەها لایەنگرانی گرووپی ئیخوانولموسلمین لە ١٠٠ کەسەوە بۆ ١٥٠ کەس بەرز بووەتەوە.

**ڕۆژی هەینی ٢٤ی بانەمەڕ،** دەستەیەک لە سەلەفییە جیهادییەکان لە شاری سەقز بە ناوەکانی ‹‹ئەمین ئەحمەدپوور ناسراو بە ئەمین عەبە قلوو، پەیمان غەفاری و ئەرسەلان ڕەزایی›› و کۆمەڵێکی دیکە بە چەقۆ و شمشێر هێرشیان کردە سەر چەند لاوی ئەو شارە و زۆر بەسەختی برینداریان کردن. شوناسی ئەو چەند لاوەی کە هێرشیان کرابووەسەر بەم چەشنەیە: ‹‹هاوڕێ مەلەکی، سەلمان نەقشبەندی، شەهرووز کۆهزادی، سالار ئەسلەم و مێهرداد کەریمی››.

**٢٤ی بانەمەڕ:** ئاخوند «لوتفوڵڵا سافیی گوڵپایگانی» کە یەکێک لە ئاخوندەکانی «مەرجەعی تەقلید»ە لە وتووێژێکدا بە فەرمی باسی لەوە کرد کە خەڵک لە ئیدارە و ناوەندەکانی ڕێژیم دەتوانن بەرتیل بدەن. ئەو ئاخوندەی ڕێژیم لە وڵامی پرسیارێکدا وتی: «ئەگەر گەیشتن بە ماف بە پارە چارەسەر دەبێت، بەرتیل ئازادە و کێشە نییە».

**٢٥ی بانەمەڕ:** دەوڵەتی ئوتریش باڵی سیاسیی گرووپی حیزبوڵڵای لوبنانی بە تێرۆریست ناساند و چالاکییەکانی لە وڵاتی ئوتریش قەدەغە ڕاگەیاند کە ئەم بڕیارە لەلایەن چەند وڵاتی ئورووپاییەوە پێشوازی لێ کرا.

**٢٨ی بانەمەڕ:** پاش بەردەوامبوونی چەند ڕۆژەی شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بە پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی لە شارەکانی ‹‹جوانڕۆ و ڕوانسەر» و ناوچەکانی «هەورامان» خەڵکیان بۆ شەڕ دژی ئیسرائیل ڕەوانە دەکرد. بنکە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە ڕێگای ماڵپەڕێکەوە خەڵک و بەتایبەت لاوانیان بۆ شەڕ دژی ئیسرائیل ناونووس دەکرد. ئەو کەسانە لەژێر ناوی «سپاه سلیمانی‌ها» ڕەوانەی شەڕ دەکران. ڕێژیم ڕایگەیاندبوو ژن یان پیاو جیاوازیی نییە، هەر کەس ناونووسی بکات بۆ شەڕ ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرێت.

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاویدا دەستەیەك لە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی نیشتمان لە ناوچەی بانە چەندین گوندی ئەم شارە و هەروەها نێو شاری بانەیان بەسەر کردەوە. لەم چالاکییەدا کە لە قوڵایی خاکی کوردستان ئەنجام درا، ویڕای بڵاوکردنەوەی دووبارەی پەیامی ڕاسان، هێزی پێشمەرگە دڵنیاییان بە خەڵکی کوردستان دایەوە کە تا سەر وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازەکەیان دەمێننەوە و لەگەڵ ویست و ئاواتەکانی خەڵکن.

**٣١ی بانەمەڕ:** دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە لە شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دژی گەلییەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو پێشمەرگەی کوردستان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون. بەداخەوە لە ئاکامی تێکهەڵچوونەکەدا پێشمەرگەی شاخ «ئەنوەر نەسیریی چیانە» ناسراو بە «سمکۆ مەحمەڵ» و پێشمەرگەی شار «هاوڕێ سوهراب خەدیرپوور» ناسراو بە «شاخەوان» خەڵکی شاری مەهاباد شەهید بوون.

**١ی جۆزەردان:** هێزە سەرکوتکەرەکانی ئینتزامی و جەهادی سازەندەگیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پێشیان بە ورزێڕانی برینجکاری خەڵکی گوندی «عامله» سەر بە شاری «سەحنە» لە پارێزگای «کرماشان» گرت. خەڵکی ئەو گوندە لە بەرامبەر ئەو هێرشەی ڕێژیمدا بەرگریان لەخۆیان کرد و لەگەڵیان بەشەڕ هاتن.

**لە ڕۆژی ٢ی جۆزەرداندا،** لە گەڕەکی «حاجیاوا»ی سنە لەنێوان سەلەفییە جیهادییەکان و خەڵکی ئاسایی شەڕ دروست بوو. لەو شەڕەدا سەلەفییە جیهادییەکان بریندار بوون و کاتێکیش دەچنە نەخۆشخانە هێرش دەکەنە سەر خەڵک و دواتریش هێزە ئینتزامی و ئیتلاعاتییەکان تەقە لە خەڵک دەکەن. دوای ئەو ڕووداوە گەڕەکی حاجیاوا لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە میلیتاریزە دەکرێت.

**٤ی جۆزەردان:** پاش ئەوەی کە پەنابەرێکی سیاسیی خەڵکی کوردستانی ئێران بە ناوی «بێ‌هزاد مەحموودی» بەبۆنەی بارودۆخی خراپی ژیان و دژکردەوە بە وڵامنەدانەوەی کۆمیسارياى باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە خواستەکانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی لەبەر بارەگای ئەم ڕێکخراوە لە شاری هەولێر ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەست دا ناوەندی هاوکاری ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و وێڕای مەحکوومکردنی ئەم بێ مەبالاتییانەی کۆمیسارياى باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەمبەر پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی باشووری کوردستان، داوای کرد کە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نالەباری پەنابەران، پێداچوونەوەی خێرا بەسەر کەیسەکانییاندا بکرێت.

**٥ی جۆزەردان:** «مەجید حەریری›› بەرپرسی ژووری بازرگانیی ڕێژیمی ئێران و چین باسی لەوە کرد کە بەهۆی هەرزانبوونی تێچووی بەرق لە ئێراندا جگە لە چینییەکان، لەهێستانی، هیندی و تورکییەییەکانیش، چالاکییان لە بواری دەرهێنانی پارەی دیجیتاڵی لەو وڵاتەدا هەیە کە ئەمە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەرقی شارەکان و ڕاوەستانی کار و کاسبیی خەڵک.

**٧ی جۆزەردان:** هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە سووریە بەبێ بەشداریی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی و لەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە، بەڕێوە چوو و «بەشار ئەسەد» بە بەدەستهێنانی ٩٥ لەسەدی دەنگەکان ٢١ـەمین ساڵی حوکمرانیی خۆی بەسەر سووریەدا دەست پێ کرد.

**٨ی جۆزەردان:** دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی کوردستانی ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە تیمێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر جادەی مەهاباد . پیرانشار نزیک ئاوایی لکبن دەکەونە بەر هێرشی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی هادی شێخە خەڵکی پەسوێ و ئەیوب سوڵتانی خەڵکی ئاوایی خورینج سەر بە شارستانی پیرانشار شەهید دەبن.

**١١ ی جۆزەردان:** دوابەدوای هاتنە ئارای کێشە لە نێوان عەشیرەکانی قەڵغانی و کویک، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە خەڵکی ناوچەی دالاهۆ کرد کۆتایی بە کێشەکانیان بێنن. لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو: وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی داواتان لێ دەکەین لە ڕاستای هێورکردنەوەی دۆخەکە هەنگاوی بەکردەوە بۆ چارەسەریی بناخەیی ئەو کێشەیە هەڵگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە نەخوازراوە کە دڵی دوژمنانی گەل و نەتەوەکەمان خۆش دەکا بدەن. کێشە و گرفتی نێوان ئێوە تەنیا لە بەرژەوەندیی دوژمنی ڕاستەقینەمان کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە و زۆریش ئارەزوو دەکا کە ئەو ئاژاوەیە گەورەتر بکاتەوە و نەهێڵێ بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە بژین.

١٢ ی جۆزەردان: هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە کرماشان بۆ شەڕ و ئاژاوە خۆشکردن لە نێوان خەڵکی «دالاهۆ»دا خەڵکیان دژی یەکتر هان دەدا. ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای سەرجەم ناوەندە ئەمنییەتییەکانی خۆیەوە هانی خەڵکی جوانڕۆ و دەوروبەر دەدا بە گژی تایفەی «قەڵخانی»دا بچن و بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک چەکداری نەناسراو بە چەکەوە ڕەوانەی گوندەکانی «دالاهۆ» کران و لەنێو خەڵکدا بڵاوەیان پێ کرا.

١٣ ی جۆزەردان: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەمەڕ قووڵبوونەوەی کێشەکان لە «دالاهۆ» ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: ئێمە لەو باوەڕەداین خەڵکی کوردستان بۆ پێکەوە ژیانی شارستانییانە و پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی خۆی پێویستیی بە هێزی ئەمنی و نیزامیی هاوردەی ڕێژیم نییە و هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە خەڵک و کەسایەتییە خاوەن پێگە مەدەنی و ئایینییەکانی ناوچەی دالاهۆ دەکەین هەرچی زووتر چارەسەرێکی مەدەنییانە و ئاشتیخوازانە بدۆزنەوە و لەپێناو گەڕانەوەی ئاسایش و ئەهوەنی بۆ ناوچەکە کۆتایی بەم گرژییانە بێنن.

**١٤ ی جۆزەردان:** دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنسیبەت گیانلەدەستدانی چوار ژینگەپارێزی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا ڕایگەیاند: دڵگرانین بە لەدەستدانی چوار تێکۆشەری ژینگەیی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان و بریندابوونی کۆمەڵێک لە هاوڕێ و هاوخەباتەکانیان .حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆی لە تێکڕای خەڵکی کوردستان، ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان و بنەماڵەی شەهیدانی ژینگە خاتوو «شوعلە قادری، داوود باخیش، ئارشام عەزیزی و کاوە خوسرەوزادە» دەردەبڕێ و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازێ.

**٢٨ی جۆزەردان:** بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای گوند و شارەکان لە ئێران بەڕێوە چوو. بەپێی زانیارییەکان ناوەندی هەڵبژاردنەکان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بایکۆت کران و کەس نەچووبووە شوێنەکانی دەنگدان.

**٢٨ی جۆزەردان:** خەڵکی کوردستان ‹‹نا››یەکی گەورەیان بە ڕێژیم وت، لە شارەکانی کوردستان شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران لەلایەن خەڵکەوە هیچ پێشوازییەکی لێ نەکرا و خەڵک دەنگی ‹‹نا››یان بە ڕێژیمی ئێران وت. لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا سەرباری زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی و پۆلیسی و هەوڵدانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بەشداری پێکردنی زۆرەملێی خەڵک لە شانۆگەریی هەڵبژاردندا خەڵک ئامادە نەبوون بەشداری پرۆسەی ڕەوایی بەخشین بە ستەمکارییەکان بن. بەشی زۆری خەڵک لە سەرەتای بەیانییەوە ڕوویان لە داوێنی ژینگە بۆ سەیران کردن کرد یان لە ماڵەکانیاندا مانەوە .


**٢٩ی جۆزەردان:** ستادی هەڵبژاردنەکانی نێوخۆی ڕێژیمی ئێران «ئیبراهیم ڕەئیسی››ـی وەکوو براوەی بەناو هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاند. بەپێی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم ‹‹ئیبراهیم ڕەئیسی›› نزیکەی ١٧ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دەنگی هێناوەتەوە. نزیکەی ٥٩ ملیۆن کەس دەیانتوانی لە هەڵبژرادنەکانی ئەم خولەدا بەشداری بکەن، کە وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم ڕایگەیاندووە کە بەپێی هەژمارکردنی ٩٠ لەسەدی دەنگەکان ڕێژەی بەشداربووان ٢٨ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس بووە. بەپێی هەژمارکردنی دەنگی بەربژێرەکانی دیکە، نزیکەی ١٥ لەسەدی دەنگەکان بەتاڵ بوون کە دوای ‹‹ڕەئیسی» زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بوو. ئیبراهیم ڕەئیسی›› یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە «خامنەیی›› ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانە و خامنەیی چەندین جار لە پۆستی هەستیاردا دایناوە و یەکێک لە چوار ئەندامی کۆمیتەی ناسراو بە ‹‹هیئەتی مەرگ›› لە ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بووە کە زۆرینەی خەڵک لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەلایەن خامنەییەوە بۆ ئەم پۆستە دەسنیشان کراوە.

**٣٠ی جۆزەردان:** مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەنیسبەت سەرکەوتنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان پەیامێکی بڵاو کردەوە . دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە: ڕۆژهەڵات هەروا پێشەنگی خەباتە. سەرەڕای پیلان و هەڕەشە بەردەوامەکانی ڕێژیم، کەمترین ژمارە لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان؛ وەک پەیامێکی«نا»ی بەهێزی دیکە بەو ڕێژیمە دژی گەلییە. بەم بایکۆتە سەرتاسەرییە، ڕێژیم لاوازتر و خەباتی خەڵک بەهێزتر دەبێ. دەستان خۆش و خەباتی یەکگرتووانەتان بەردەوام بێ خۆشەویستان.

**٣٠ی جۆزەردان:** ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە کاردانەوە بەوەیکە «ڕەئیسی» وەکوو سەرکۆماری ڕێژیم دیاری کرا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و داوای لە وڵاتانی ئەندام لە شۆرای مافی مرۆڤ کرد کە هەوڵێک ئەنجام بدەن. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠١٨ ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئەو بەڵگەنامانەی کە ڕۆڵی «ئیبراهیم ڕەئیسی» لە هەیئەتی مەرگدا دەسەلمێنێت، خستووەتە ڕوو.

# شاهۆ حوسێنی:

## ئەگەر ساڵی ١٤٠١ بتوانێ دەستپێکی وەرچەرخانێکی مەعریفی و زەینی بێت، دەبێ خۆمان لە ئاستی کلتووری هزری، سیاسی و گوفتمانیدا بەڕۆژ بکەینەوە و گونجاو هەڵسوکەوت بکەین



**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

لە ساڵێک کە تێپەڕی سفرەی خەڵک ئەوەندەی دیکە بچووکتر بووەتەوە و زۆربەی ڕۆژەکان توێژە جیاوازەکانی خەڵک هاتوونەتە سەر شەقام و داواکاریی و نارەزایەتییان دەبڕیوە؛ لە داواکاریی سێنفییەوە بگرە هەتا خۆپیشاندانی بەربڵاوی خەڵک دژی ڕێژیم.
خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو نارەزایەتییانە، نارازیبوون بە دەسەڵتداریی ناکارامە و نادێموکراتیک لە ئێران بوو.
لە ئێستادا پرسی بەرنامەی ناوکی ئێران کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا، یەکێک لەو بابەتانەیە کە بەوتەی کارناسان ڕێژیمی ئێران بەبیانووی گەمارۆکان بەهۆی بەرنامەی ناوکی،چارەسەریی قەیرانەکانی دیکەی پێ پەردەپۆش کردووە.
لەو وتوویژەدا قەیرانەکانی بەردەمی ئێران لە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لەگەڵ بەڕێز ‹‹شاهۆ حوسێنی›› شرۆڤەکاری سیاسی خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**. ساڵی ١٤٠٠ بۆ خەڵکی ئێران کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. گوشاریان دەخرێتە سەر، چۆن تێپەڕی؟**

بێگومان هەموو تەمەنی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی پڕ لە ناخۆشی و قەیران و کێشە بووە هەم بۆ حکوومەت و هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام لێرە هەوڵ دەدرێت فۆکوس بخرێتە سەر ئەم ساڵە بە تایبەتی. بەهاری ساڵی ١٤٠٠ لە درێژەی شەرعییەت لە دەستدانی دەسەڵات، شێوەهەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە چوو کە بەپێی داتاکان و ئامارەکان کەمترین ڕێژەی بەشداریی لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرد و ئەمەش بە دوو هۆکار بوو، یەکەم ئەوەیکە درێژەی ڕەوتی لەدەستدانی متمانە و مەشرووعییەت لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بوو، کەلێن و قەڵشی نێوان کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی دژەگەل و دژەمرۆڤ ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قووڵتر کردەوە.
دووهەم جەغزی دەسەڵات لەناو کۆماری ئیسلامی و تەنانەت لەناو بازنەی دەسەڵاتیشدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تەنگتر و چکۆلەتر بوویەوە و دابڕانی بەردەوامی بەخۆیەوە بینی.
بەستراوەیی سیاسی بەهۆی چاوەدێری ئیستسوابی شۆڕای نیگابان، دەستێوەردانەکانی سپای پاسداران و ناوەندە نیزامی و ئەمنییەکان لەم ساڵەدا فەشەلترین هەڵبژاردنی لێکەوتەوە.
لەباری ئابووری، لەدرێژەی دارمانی ئابووری، کۆماری ئیسلامی تووشی نارەزایەتی و قەیرانگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوخۆ بوویەوە، بە جۆرێک کە چین و توێژگەلێکی بەربڵاوی کۆمەڵگا بە دژی سیاسەتە هەڵە، وێرانکەرانە و نابەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی خۆپیشاندان و نارەزایەتیان بەڕێوە برد.
ئاوسانیی ئابووری و دارمانی بەهای پارەی ئێرانی لەم ساڵدا ڕێژەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد. لەم ساڵدا ڕێککەوتننامەی ٢٥ ساڵە لەگەڵ چین کەوتە بواری جێبەجێکردن و لەگەڵ نارەزایەتی بەربڵاو، چین توانی دەست بە سەر بەشێکی زۆری زێڕ و ڕووخانی ئابووری، سیاسی، نیزامی و ئەمنییەتی ئێراندا بگرێت.
هەمووی ئەم ڕەوتانە هۆکارێک بوون کە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران ساڵێکی پڕ لە کێشە و قەیران، پڕ لە کەموکوڕی و کەمایەسی بەڕێ بکەن.
لەڕاستیدا بەهۆی دابەزینی ڕێژەی داهات و دەسکەوتی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵک، جوغرافیای خەتی ڕەهای هەژاری بەربڵاوتر بۆتەوە و پێوەری فەلاکەت و چارەڕەشی لە ئێران بەرزتر بووە.
ئەمەش وای کرد کە لە بواری ئابووری خەڵک هەژارتر بێت و سفرەی بژێوی ژیانی خەڵک بەتاڵتر بێت. لە ئاستی سیاسیدا گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدام وەک ڕەوتی بەردەوامی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەوتی شەرعییەتسڕینەوەی کۆمەڵانی خەڵک درێژەی پەیدا کرد.

**- ڕێژیمی ئێران بۆ ساڵی ١٤٠١ چ قەیرانێکی دیکەی بە سەر قەیرانەکانی پێشووی کەڵەکە کردووە؟ و چۆن دەتوانێت بەم قەیرانانەی کە بەرۆکی گرتووە درێژە بە تەمەنی خۆی بدات؟**

دیارە هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە بۆ جارێکی‌تر لەگەڵ ڕۆژاواییەکان لەسەر گەلاڵەی ناوکی ڕێک بکەوێتەوە، هەر بەم بۆنەیەشە و دانیشتنەکانی ڤییەن هەتا ئێستاش درێژەی کێشاوە و لەکاتێکدا تەنیا مۆرکردن و پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکە مابوو، ئێران خۆی بوارد و ڕێککەوتنەکە هەر وا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. بە هۆی دەستێوەردانەکانی ڕووسیا لە کاروبارەکانی ئێران، ئەمەش دەتوانێ لەدرێژەدا بە زەرەری کۆماری ئیسلامی تەواو بێت.
دیارە کۆماری ئیسلامی متمانەی بە ڕۆژاواییەکان نییە و تەنیا پشتی بە ڕووسیا بەستووە کە ڕەنگە بتوانێ لە زۆربەی کاتەکاندا بە هانایەوە بێت. هەموو ئەمانە ئاماژەیەکی ڕوون و ترسناکن بۆ دارمانی زیاتری ئابووریی ئێران و قووڵتربوونەوەی هەژاری و بێکاری لە ناو ئێراندا.
لە ئاستی سیاسیدا کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە جاران دەرگاکانی دەسەڵاتی داخستووە و ئەمەش بە مانای قووڵتربوونەوەی قەیران و کێشەکانی نێو کۆمەڵگا، پەرەی زیاتری نارەزایەتییەکان و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگایە.
کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامی دەسەڵاتی خۆی دەست بۆ خوڵقاندنی هەموو جۆرە کێشە و قەیرانێک لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەبات و لە نێوخۆش دەست بۆ هەموو جینایەتێک دەبات.
لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکارییەوە نەیتوانی و باشتر وایە بڵێین نەیویستووە هیچ بەڵێنێک و بەرپرسیارەتییەکی لە حاند کۆمەڵگا جێبەجێ بکات، هەر بۆیەش هەموو خواست و ویستەکان کەڵەکە بوون و کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەریایەک لە ویست و خواستی مەشرووعی کەڵەکەبووی کۆمەڵانی خەڵک ڕووبەڕوویە کە هیچ ئیرادەیەکی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەوان نییە.
هەر بۆیەش تووشی دژکردەوە دەبێت و ئەویش بۆ دامرکاندنی نارەزایەتییەکان دەست بۆ کوشتار، گرتن، ئێعدام و جینایەت دەبات.

**. هاوکات لەگەڵ شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات و لە ساڵی نوێدا ڕەوتی دانیشتنەکانی ڤییەن لە ئەگەری بەئەنجامگەیشتن یان نەگەیشتنی، چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە دادەنێت؟**

لەگەڵ ئەوەدا کە بەر لە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا سیگناڵەکان باسیان لە نزیکبوونەوەی ڕێککەوتن دەکرد بەڵام هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئوکراینا ئاراستەی دانیشتنەکانی ڤییەنی گۆڕی و هەر ئەو جۆرەی پێشتر شیمانە دەکرا، ڕووسیا کەیسی ناوکی ئێرانی لە ڤییەن بە بارمتە گرتووە و وەک کارتی گوشار بۆ سەر ڕۆژاواییەکان لە خزمەت بەرژەوەندی خۆی کایەی پێ دەکات. ئەوەی ڕاستی بێت ئێران دانیشتنەکانی ڤییەن وەک گرەوی کات دەبینێت و لە ئیرادەی هیچ بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامیدا تەمای دەستهەڵگرتن لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بوونی نییە.
ئەوەی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا پێداگری لەسەر کردووە بابەتی لاوەکی بوون نەک پرسی تەوەریی ناوکی، ئەوەی بۆ ئێران تا ئێرە گرینگ بووە، ئازادکردنی پارە بلۆکەکراوەکان، مەجالی فرۆشی نەوت و دەرهێنانی ناوی سپای پاسدارن لە لیستی تێرۆر بووە. تا ئەم کاتە دانیشتنەکان هیچ ئاکامێکی نەبووە و ئامانجێکی ڕوونیش دیاری نەکراوە هەتا ئێستا بۆ ڕێککەوتن. بۆیەش ئەمە بە مانای درێژەکێشانی قەیران و کەمداهاتی کۆمەڵانی خەڵک و بەربڵاوتربوونەوەی هەژاری لەنێو کۆمەڵگایە.
دیارە هەر بەم ڕێژەیەش نارەزایەتییەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی پەرە دەستێنێت.

**. خەڵکی ئێران لە کاتێکدا پێدەنێنە ساڵی ١٤٠١ کە لە هەموو مافەکانیان بێبەش کراون و هەرچی کارەساتە لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بەسەریاندا تاقی کراوە، خەڵک دەبێ چی بکات کە چیدیکە ڕووبەڕووی ئەم ئەزموونە تاڵانە نەبێتەوە؟**

گومان لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی وەک بەرهەمی ئایدیۆلۆژیکی فۆندامێنتاڵ، مۆنۆلۆگ و بناژۆخوازی ئایینی لە زات و گەوهەری خۆیدا هەڵگری دەسەڵاتێکی پاوانخواز و دیکتاتۆرە، لەم ئایدیۆلۆژییە وەک ژینگەیەکی مەعریفی و زەینی، پلۆرالیزم، ئازادی، دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بەرهەم نایەت، بەڵکوو بەپێچەوانە ڕێک پاوانخوازێتی، ملهۆڕی، جینایەت و فەساد بەرهەم دێت.کۆمەڵگای ئێرانی و کۆمەڵانی خەڵک ئەگەر خوازیاری ئازادیی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ و پەرەی ئابووری، بەختەوەری و پەرەی ئابوورین، پێویستە ئەم دەسەڵاتە بگۆڕن. سەرەتا بەستێنە زەینی و مەعریفییەکانی دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی دێموکرات بڕەخسێنن و دوایی لەسەر ئەساسی ئەو، دەسەڵاتێک وەک زایەڵەی واقعی کۆمەڵگا دابمەزرێنن. بێگومان پێویستە ئەم دەسەڵاتە وەلا بندرێت، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵانی خەڵک پێویستە یەکگرتوو و کۆدەنگ بە دژی ئەو خەبات بکەن و لە بەرامبەریدا بوەستن. بێگومان تەنیا لەنێو دەسەڵاتێکی ئازاد، دیمۆکرات و مۆدێرندایە کە ئەم ئەزموونە تاڵانە دووپات نابنەوە.

**. بە سەرنجدان بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ساڵی ١٤٠٠دا هاتنە ئاراوە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران بەپێی پێویست هەنگاویان هەڵێناوە؟**

دیارە ئەمە ڕای کەسی خۆمە و ڕەنگە نەتوانێ زایەڵەی ڕوانگەی زۆرینەی کۆمەڵگا بێت، بەڵام بە باوەڕی من بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هێز و وزەیەی لەنێو کۆمەڵگا، کۆمەڵانی هەڵکەوتی کۆمەڵگا و کۆی گشتی ئەو ئیمکاناتانەی لەنێو کۆمەڵگادا مەوجوودن، هەنگاوەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی بە ڕێژەی پێویست نەبوون. دەکرا زۆر ڕێک و پێکتر، کۆکتر، یەکگرتووتر و بەربڵاوتر هەنگاو بنێین، بەڵام بەداخەوە بە ڕێژەی پێویست (بەمانای کۆی گشتی ئیمکاناتی مرۆیی، مەعریفی و ئابووری) نەبووە.

**. وەکوو ڕای خۆتان چ ئاڵوگۆڕێک لە ساڵی ١٤٠١ لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران و کوردستان پێشبینی دەکەن؟**

ئەگەر ساڵی ١٤٠١ بتوانێ دەستپێکی وەرچەرخانێکی مەعریفی و زەینی بێت و لە هەمان کاتدا بتوانین خۆمان لە ئاستی کلتووری هزری، سیاسی و گوفتمانیدا بەڕۆژ بکەینەوە و گونجاو هەڵسوکەوت بکەین، بێگومان دەتوانین چاوەڕێی دەسکەوت بین، بەڵام ئەگەر هەر بەو کلتوور و نەریتەی کە ئێستا ڕەچاوی دەکەین، هەنگاو بنێینە ساڵی ١٤٠١، من پێموایە جگە لە چەندپاتەکردنەوەی لاوازییەکان، هەڵەکان و کێشەکان ناتوانین دەسکەوتی جیددی و گونجاو چاوەڕوان بکەین.





# ئەی نەورۆز

## پارتیزان

به گڕی سوورتەوە ،
به ملپێچی خوێناویت،
به هەنگاوی گەرمت ، دێیتەوە،
تۆ دژبەری کۆشکەکانی ستەمی،
له چاومانا هیوای پڕبریقەی داهاتوو دەئافرێنی،
تۆ سووریت و
سووریت له دڵۆپی یەکەم شەهیدەوە تا کۆتاشەهید جەوهەری نەخشاندنی جوگرافیاییەکی ونە ،
چاوەکانی جیهان بەس نین بۆ بینینت
تۆ سەرنجی خودا و خوداکانت پێویستە!
سوور دەچیت و
سووریت هەناسەی گڕگرتووی ڕێبازێکە لەگەڵ خوێنت پێچاوپێچ تێکئاڵاون
وەکوو کفنی خاکی چەکهەڵگرێک که ڕەنگی سێهەمی ئاڵا ئیدی بۆ هەمیشه ماڵ و تەلار و کۆڵان و شارێتی !
خەلەوخەرمانی خوێنمژان لێت دەترسن،
له وێرانی دڕکستانی بیریان بڕوانه
پووشوپەڵاشی خۆیانه به جووڵەی هەناسەکانت گڕ دەگرن
بڕوانه له سیمای سەربزێوی مێژووی خۆت، ئەی بەهشتی من،
تۆ که دۆزەخی سووتێنەری نەیارانی نیشتمانی و عەداڵەت خوداته
لەشاڵاوی مەینەتسەپێنان مەترسێ
پڕیشکەکانت هەراسانان له خەوی ئەوان
له خەیاڵی ئەوان
له ڕاستی
له هەموو هەبوونی ئەوان،
ئەوانن که سۆراخی نەبوونی خۆیان دەگرن
ئەوانن له چرکەساتی کۆتایی
خۆ له ئامێزی مەرگا دەتەپێنن،
گەڵایەکی زەردن له ژێر قاچی بارانا دەوەرێن،
ئەی هەردەم له گەرمیدا شەڵاڵ
ئەی دواترپەی هەرگیز نەوەستاوی دڵی شەهید
ڕێگا ببڕە
ئازادی جامانەیەکه و هاوخوێنی تۆیه
کێها زستان خۆی پێ ڕەنده با بێ و فەرمان بدا بەخامۆشیت ،
بمرم ئەی نەورۆز
بمرین ئەی نەورۆز
گەر پۆلوویەکت دیلی دەستی سەرما بێ،
تۆ بووکی سووری ساڵەکانی،
هەموو ساڵێ سواری ئەسپی زەمەن دەبیت و
دەگەیته لامان ،

تارای سوورت لەباکوورەوە تا باشوور درێژە و
سەرچۆپیت له ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژاوا شایی دابەزینی تۆ جەژن دەگرن ،
له چوارگۆشەی نیشتمانم
دایکان دێن و زیڕوەشانت دەکەن ،
سەیری سینگی خۆت بکه ئەی نەورۆز
سەر سینگت پڕە له چەک و پێنووس و
خەرمان پڕیەتی له جامانەی خوێناوی و
سەنگەری نەدۆڕاو، پڕە له شیعری شۆڕش و پڕیەتی له کۆگای دەغڵودان
گەردنت پەیمانی مانەوەی پێوە هەڵواسراوە ،
گوێت ئیرادەی گەیشتن و
بازنه به بازنەی دەستت کاروانی لێنەبڕاوی شۆڕش .
سەرت به چەشنی ماف
تین دەگێڕێته لەشی سڕی زەوی
وەکوو قژی خەمتێئاڵاوی نیشتمان بۆ ڕەهابوون له چنگی خامۆشی و
پەرۆشی تووڕە دەبێ پەخشان پەخشان گڕ دەنووسێ .
له هاتوچۆی هەناسەشت مانەوەی گەل دەسەپێ و
لەسەر باسکی باوەڕت بۆ هەتاهەتایه دادەکوتێ و دەنووسێ:
ئەوە من مەمکم خستۆته زاری زارا و
هەر منیش بووم لانکەی حەیدەرم ڕاژەند ،
نەورۆژ
تۆ پڕی له دێمۆکڕاسی و ڕەگەز لای تۆ مانای نییه ،
قەهرت له دیکتاتۆرەکان وەکوو کۆخەی گڕکانه و کێها نەیار هەیه بوێرێته تۆ و باوەڕکانت
نەورۆژ
به لای لایەی دایکانەی خۆت
شۆڕشه ساواکانی ئەم گەلەت گەیانده هەراشی و ڕێگات نەدا تیرۆرپەرەستان ئاوی چڵکنت پێداکەن و
دڵت له خامۆشیدا بنێژن
تۆ هەموو ساڵێ دێیتەوە و
جلی نوێ دەکەیته بەر لەشی ڕۆژەکان ،
داهاتوو پۆشته دەکەیت و شمشێرەکانمان پتەوتر،
تا دواهەناسەی خۆت که هەرگیز نایەت، هێڵنج بەو وردەمێژوویانه دەدەی که خوێنی تۆیان دزی و بوونه
خزمەتکاری نۆکەرپەروەرکان
تۆ نەتهێشت قەرەواشەکان وەچەی نوێ بۆ خەیانەت بهێننه ژیان
تۆ
به ملپێچی خوێناویت
بەڵێن نامەی خەبات تا گەیشتن به ئازادیمان مۆر دەکەیت و
هەموو ئادارەکانی داهاتوو بۆ تیماری ئازارەکانمان ئاماده باش دەکەی
ئەی نەورۆز.

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :819 · 20 March 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

